# زانکۆی کوردستان

https://www.uok.ac.ir





زانكۆی
كوردستان

ئەندامی ستافی زانستی دامەزراوی هەمیشەیی هەیە کە ٩٥ لە سەدیان پلەی پرۆفسۆری یاریدەدەر یان سەروتریان هەیە (١٧ پرۆفیسۆر و ٨٦ پرۆفیسۆری یاریدەر). جگە لەمە، هەندێک ستافی پەروەردەی دیکەیش هەن و بە گشتی ژمارەی ستافی کارگێڕی دەبێتە ٣٨٥ کەس.

لە ئێستادا ئەم زانکۆیە ٨ ناوەندی توێژینەوە و ٦ گۆڤاری ئاکادێمیکی هەیە و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆی هەیە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری لێ بڵاو دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمە، زانکۆ چەندین ناوەندی تاقیکردنەوەی هەیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و فێرکاری کە یارمەتی خوێندکاران و کارمەندان لە هەموو کۆلێجەکان دەدات.

زانکۆی کوردستان پێکهاتەیەکی کارگێڕی نامەرکەزی هەیە کە دەستەی دەسپاکی (کە باڵاترین پلەیە لە زانکۆ و هەروەها پەرەپێدانی داهاتووی خوێندن، پرۆژەی ئابووری و پلانە مەزنەکانی دیکەی زانکۆ لە بەرچاو دەگرێت) سەرۆک، ٥ جێگری سەرۆک (جێگری سەرۆک بۆ کاروباری پەروەردە و ئاکادێمکی، کاروباری توێژینەوە، کاروباری خوێندکاران، کاروباری ئابووری و کاروباری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و ئەنجومەنی زانکۆ.



# زانکۆی کوردستان

### نرخاندن و ڕوانگە

زانکۆی کوردستان پابەندە بە دابینکردنی شوێنێک کە تێدا هێزە مرۆییەکان داهێنەر، بەرپرس، هاندەر، زانیار و ڕێکوپێک و بەپێی بەها ئیسلامی و ئەخلاقییەکان ڕابهێنرێن. زانکۆی کوردستان بەپێی زانست و پێشەگەریی، پابەندە بە ڕێزگرتن و زیادکردنی بنەماکانی فەرهەنگی ئاکادێمیک و هەروەها هەوڵ دەدات هاوکاری باش و گونجاو لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە توێژینەوە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان بکات.

### لێدوانی ئامانج

زانکۆی کوردستان وەک ناوەندێکی گشتیی فێرکاری باڵا وابەستەیە بە مامۆستایانی لاو و هاندەر و سامانە بەنرخەکانی، و هەروەها لە هەندێک لە شێوازە فێرکاریە داهێنەرانە و تەکنۆلۆژیکەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی هێزی کاری شارەزا و پابەند فێر بکات کە کێشە و ئاستەنگەکانی کۆمەڵگە لە ئاستی ناوچە و جیهان دا چارەسەر بکەن. سەرەڕای ئەمە، ئەم زانکۆیە هەوڵ دەدات بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کاراکان، پەرەپێدانی ئاستی زانیاری و دابینکردنی خزمەتی ڕاوێژکاری، پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، لە ئاستی جیاجیادا فەراهەم بکات.



### دیمەنی گشتیی زانکۆی کوردستان

زانکۆی کوردستان لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ چالاکییەکانی خۆی لە ژێر ناوی کۆلێجی باڵای سنە، پەیوەست بە "تەربیەت موعەلیم" (ناوەندی پەروەردەکردنی مامۆستا)، لە تاران دەست پێکرد. ئەم زانکۆیە یەکەمین خوێندکارانی، لە بواری پەروەردەی مامۆستایانی بیرکاری وەرگرت. لە ساڵی خوێندنی داهاتووی دا، بوو بە کۆلێجی زانکۆی ڕازی کرماشان و دواتر ناو نرا "پەیمانگای پەروەردەی مامۆستای سنە".
جگە لە وەرگرتنی خوێندکار لە بواری پەروەردەی مامۆستای بیرکاری،دەستی کرد بە وەرگرتنی خوێندکارانی کیمیا و زمانی ئینگلیزیش. دوای پەرەسەندنی چالاکیی فێرکاری و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان لە بوارە جیاجیاکان دا، ئەم یەکەی ڕاهێنانی مامۆستایە، لە ساڵی ١٩٩١ نازناوی زانکۆی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا پێ‌بەخشرا. لەو کاتەوە بە ناوی زانکۆی کوردستان ناسێندرا. لەو کاتەوە، کۆمەڵێک خول و کۆرسی هەمەجۆر لە ئاستە جیاجیاکان دا زیادکراوە بە لیستی بەرنامەی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر لەم زانکۆیە، کە بریتین لە خولی پاش دۆکتۆرا کە بەشی کیمیا پێشکەشی دەکات.
لە ئێستادا، زانکۆی کوردستان، زیاتر لە ١٠٠٠٠ خوێندکاری هەیە، کە زۆرتر لە ١/٧ لە سەدیان نێوە ونە تە وە یی و ٣٠ لە سەدیان خوێندکاری ماستەرن. زانکۆی کوردستان، کۆلێجێکی خۆبەڕێوەبەر (پەردیس)، ٨ پەیمانگا و ٥٠ بەشی هەیە کە ١٨٧ خولی بەکالۆریۆس و ماستەر پێشکەش دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، ئەم زانکۆیە نزیکەی ٣٦٠



WF20X
WF20X
75
50
25
100ml
PYREX
U.K.



## کۆلێجی کشتوکاڵ

کۆلێجـی کشـتوکاڵ لەگـەڵ کۆلێجـی سـەرچاوە سروشـتییەکان پێکـەوە لـە سـاڵی ١٩٩١ دامـەزران. لـە سـاڵی ٢٠٠٧، کۆلێجـی کشـتوکاڵ لـە سـەرچاوە سروشـتییەکان جیاکرایـەوە و چالاکییەکانـی فێرکاری و لێکۆڵینەوەیـی خـۆی بـە شـێوەی سـەربەخۆ دەسـتپێکرد. ئەمـە لـە ئێسـتادا یەکێکـە لـە ئەنجامدەرانـی لێکۆڵینـەوە لـە بـواری کشـتوکاڵ لـە ناوچەکـەدا. هـەر دوو کاری ڕاهێنـان و لێکۆڵینـەوە، لـە بەرزتریـن ئاسـتی پسـپۆڕی و بەرفراوانـدا لـە بـواری کشـتوکاڵ بەپێـی خولـە زانسـتییەکان بـۆ خوێندکارانـی بەکالوریـۆس و ماسـتەر دابیـن دەکرێـت. ئامانجـی ئـەم کۆلێجـە ئەوەیـە کـە سـەرچاوە و تەکنۆلۆژیا پـەرە پێبـدات بـۆ ئـەوەی پێداویسـتییەکانی ئێسـتا و داهاتـووی کەرتـی کشـتوکاڵی پارێـزگای کوردسـتان دابیـن بکرێـت، ببێتـە هـۆی پێشـکەوتن و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری و هەروەهـا ڕێنمایـی و ڕاوێـژ لـە بـواری کشـتوکاڵی بـۆ گەشـەی بەردەوامـی ئابـووری پێشـکەش بـکات. ئـەم کۆلێجـە ٨ بەشـی هەیـە، ١٢ بەرنامـەی لـە ئاسـتی بەکالوریـۆس و ٢٤ بەرنامەیشـی لـە ئاسـتی ماسـتەردا هەیـە (هەروەهـا ٧ بەرنامەیـش لـە ئاسـتی دکتـۆرادا)، بریتـی لـە:

**زانستی کشتوکاڵ و دەسکاریکردنی گیا و ڕووەک**
**زانستی ئاژەڵان**
**زانستی خاک**
**زانستی باخەوانی و ئەندازیاری**
**ئەندازیاری بایۆسیستەمەکان**
**ئەندازیاری و زانستی ئاو**
**بازرگانی کشتوکاڵ**
**پاراستنی گژ و گیا و ڕووەک**



لیستی هەموو پلە/بڕوانامەکانی کۆلێجی کشتوکاڵ

| | |
|---|---|
| زیندەوەرناسی خاک و تەکنۆلۆژیای زیندەوەری | MSc |
| فیزیکی خاک و پاراستن | MSc |
| هەڵسەنگاندنی سەرچاوەی خاک و زەوی | MSc |
| **ئابووری کشتوکاڵ** | |
| ئابووری کشتوکاڵ | BSc |
| ڕێباز و گەشەی کشتوکاڵ | MSc |
| پەرەپێدان و فێرکاری کشتوکاڵ | MSc |
| **پاراستنی گیا و ڕووەک** | |
| پاراستنی گیا و ڕووەک | BSc |
| مێشناسی کشتوکاڵ | MSc |
| پاتۆلۆژی گیا و ڕووەک | MSc&PhD |
| **ئەندازیاریی و زانستی ئاو** | |
| ئەندازیاریی و زانستی ئاو | BSc |
| ئەندازیاری ئاودێری و ڕەواندن | MSc |
| **ئەندازیاریی سیستەمە زیندەوەریەکان** | |
| ئەندازیاری میکانیک و سیستەمی زیندەوەریی | BSc |
| دیزاین و دروستکردن | MSc |
| تەکنۆلۆژیای دوای هەڵگرتن | MSc |
| ئەندازیاریی پیشەسازی ئامێرەکانی خۆراک | BSc |
| **گەشەپێدان و پەروەردوکاری کشت و کاڵ** | |
| گەشەپێدانی کشت و کاڵی جێگیر و پیشەسازی سروشتی | MSc |
| گەشەپێدانی کشت و کاڵی جێگیر و وەبەرهێنانی ئیش و کار | MSc |



لـە ئێسـتادا کۆلێجـی کشـتوکاڵ زیاتـر لـە ١٠٠٠ خوێنـدکار و ٦٩ ئەندامـی سـتافی زانسـتی دامـەزراوی هەمیشـەیی هەیـە. ئـەم کۆلێجـە، ٢٨ تاقیگـەی هەیـە کـە بریتیـن لـە تاقیگـەی کیمیایـی خـاک، تاقیگـەی فیزیکیـی خـاک، تاقیگـەی دەسـکاریکردنی گیـا، پاتۆلـۆژی ڕووەک، تاقیگـەی جێنیتیـک، تاقیگـەی مێشناسـی، یەکـەی بەرهەمهێنانـی مریشـک، یەکـەی بەرهەمهێنانـی کەڕەواڵـە، یەکـەی بەرهەمهێنانـی مانـگای شـیردەر. سـەرەڕای ئەمانـە، کۆلێجەکـە ٤ گوڵخانـە و ٥٠ دۆنـم زەوی هەیـە بـۆ توێژینـەوەی کشـتوکاڵی. ئـەم خشـتەی خـوارەوە، لیسـتی هەمـوو ئـەو پلەیانەیـە کـە کۆلێـج پێشکەشـی دەکات.

**لیستی هەموو پلە/بڕوانامەکانی کۆلێجی کشتوکاڵ**

| | |
|---|---|
| **زانستی ئاژەڵان** | |
| زانستی ئاژەڵان | BSc |
| بەخێوکردنی ئاژەڵان | MSc&PhD |
| فیزیۆلۆژی ئاژەڵان | MSc&PhD |
| خۆراکی باڵندەکان | MSc&PhD |
| بوواری خوێندن (پسپۆڕی) | BSc |
| **زانستی کشتوکاڵ و دەسکاریکردنی ڕووەک** | |
| ئەندازیاری و بەرهەمهێنانی جێنێتیکی ڕووەک (تەکنۆلۆژیای کشتوکاڵ و تەکنۆلۆژیای زیندەوەریی) | BSc/MSc |
| ژینگەناسیی کشتوکاڵ | MSc |
| تەکنۆلۆژیای زیندەوەریی کشتوکاڵی | MSc |
| زانستی کشتوکاڵی (فیزیۆلۆژی دانەوێڵە) | MSc&PhD |
| تەکنۆلۆژیای زیندەوەریی کشتوکاڵی | PhD |
| ئاگرۆتیکنۆلۆجی- زانستی گژ و گیای نەخوازراو | MSc |
| ئاگرۆتیکنۆلۆجی- زانستی و یەکنۆلۆجیای تۆ | MSc |
| ئاگرۆتیکنۆلۆجی | MSc&PhD |
| **زانستی باخەوانی** | |
| زانستی خۆراک و تەکنۆلۆژیا | BSc |
| ئەندازیاریی دیزاینی سروشتی/سەوزەڵانی | BSc |
| ئەندازیاریی و زانستی باخەوانی | BSc |
| ئەندازیاریی و زانستی باخەوانی: دارمیوەکان | MSc |
| ئەندازیاریی وزانستی باخەوانی: سەوزە | MSc |
| ئەندازیاریی و زانستی باخەوانی: گیا پزیشکیەکان | MSc |
| ئەندازیاریی و زانستی باخەوانی: جوانکاری گیا و ڕووەک | MSc |
| زانستی ئەدازیاری باخەوانی: بەرهەمە خانە پلاستیکیەکان | MSc |
| **پیشەسازی خواردنەکان** | |
| زانستی ئەدازیاری پیشەسازی خواردنەکان | BSc |
| **زانستی خاک** | |
| ئەندازیاریی و زانستی خاک | BSc |

کۆلێجی هونەر و تەلارسازی ١٢ ستافی زانستی تەواوکات و هەندێک ستافی نیوەکاتی هەیە وە کۆی گشتی خوێندکارەکانی دەگاتە ٣٠٢ کەس.
ستافی ئەم کۆلێجە لە بەرزترین ئاست دا لێکۆڵینەوە دەکەن و بە تەرکیزکردن لەسەر بوارە جیاجیا زانستیەکان ناوبانگیان دەرکردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی لێکدانەوەی چالاکیی حکوومی، پیشەسازی و ژیانی فەرهەنگی لە ڕێگەی شێوازە کرداری و گرێدراو بە چالاکیەکانی لێکۆڵینەوە و بەشداربوون ئەنجام دەدرێت کە ئامانجی زانکۆ یە. هەروەها بۆ ئەوەی کاریگەریەکانی زۆرتر بکات و پلەبەندی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ئەم زانکۆیە زیاتر بکرێت.
لێکۆڵینەوە لە کۆلێج سەبارەت بە هەندێ لە بابەتەکان وەک، تەلارسازی، شارنشینی گشتیی، دەروونناسیی ژینگەیی، نیشتەجێبوونی نافەرمی و نابەجێ و هەروەها بەردەوامبوون ڕیزبەندی دەکرێن.
گۆڤاری توێژینەوەی شاری یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٠ بە مەبەستی تەرکیزکردنە سەر دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەزموونی شارەکان بڵاو بووەوە. ئەم گۆڤارە هەموو ئەو بابەتانە وەردەگرێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنمان لە هەلومەرجی شار و گۆڕانکاریە خێراکانی ناو شارەکانی ئێران و سەرانسەری جیهان، لە ڕووی ئەزموونی، تیئۆری، یان ڕوانگەی سیاسیەوە زۆرتر ببێت. سەرباری ئەوە، بەپێی پێشینەی لێکۆڵینەوەی کارمەندانی بەشی پلاندانانی شاری، کۆلێجەکانی ئێمە دەیانەوێت لە سەرەتای ساڵی داهاتوو دا ناوەندێکی باڵا لە سەر نۆژەنکردنەوەی شاری و نوێکردنەوە بکەنەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم ناوەندە ئەوەیە کە ڕێککردنی پێویست بەپێی ڕێبازی نۆژەنکردنەوەی شاری و نوێکردنەوە بۆ نیشتەجێکردنی نابەجێ و توێژینەوە لەسەر چینەکانی شاری بکرێت.




## کۆلێجی هونەر و تەلارسازی


لەبەر گرنگی هونەر، تەلارسازی و پلاندانان لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و هەروەها دەوڵەمەندی ڕۆژاوای ئێران، بەتایبەت کوردستان، زانکۆی کوردستان لە سەرەتای ساڵەکانی دامەزراندنی وەک زانکۆیەک، هەندێ بەرنامە لە بوارە باسکراوەکان بەڕێوە ئەبات. زانکۆ لە ساڵەکانی ۱۹۹۹، ۲۰۰۶ و ۲۰۱۶ دەستی کرد بە پێشکەشکردنی بەرنامەی بڕوانامە لە تەلارسازی، پلاندانان و هونەر. هەردووی ئەم دوو بەشە، لە سەرەتاوە بەشێک بوون لە کۆلێجی ئەندازیاریی، بەڵام لە ۲۰۱۲ەوە بووەتە بەشێک لە کۆلێجی تازە دامەزراوی هونەر و تەلارسازی. بەپێی بەرفراوانی و پەرەسەندنی پلانەکان، کۆلێجی هونەر و تەلارسازی خەریکە هەندێ بەرنامەی پیشە دەسکردەکان دادەنێت، هەروەها ئامانجی ئەوەیە کە لە داهاتوویەکی نزیک دا بەرنامەکانی ئێستای هەتا ئاستی دکتۆرا پێشکەش بکات.
بە گشتی، ئەم کۆلێجە ئێستا سێ بەشی هەیە؛


**پلان‌دارشتنی شاری**
**تەلارسازی**
**موسیقا (ئێرانی)**










2080
1610
3650
200
500
1300







بینای کۆلێجی هونەر و تەلارسازی ئێستا لە ڕووبەری ٤٦٠٠ متردووجا چوارگۆش دروست کراوە. سەرباری ئەم شوێنە کارگێریانە، ژووری دەستەی مامۆستایان و سەرۆکی بەشەکان، باڵەخانە ئێستا ٦ ستۆدیۆی دیزاین و وۆرکشۆپ، ناوەندی کۆمپیوتەر، مەتریال و کارگەی دروستکردن، ٢ پۆلی تایبەت بە خوێندکارانی ماستەر، ٤ پۆلی تایبەت بە خوێندکارانی بەکالوریۆس، هۆلی بەرگری لە تێز، هۆڵێکی گەورەی کۆنفرانس و هۆڵێکی نمایشی تایبەتی هەیە. باڵەخانەی کۆلێجەکە لە ناو زانکۆکە دا هەڵکەوتووە، کە هەموان دەتوانن بە ئاسانی دەسیان بە هەموو خزمەتەکانی زانکۆ بگات. خوێندکاران ٦ ڕۆژ لە هەفتە دەستیان بە باڵەخانەکە دەگات و لە هەموو کاتێک دا دەتوانن لە ستۆدیۆ تایبەتەکان بە پێداویستی ژمێریاری و شوێنی کۆمەڵایەتی سوود وەربگرن. لەم ساڵانەی دوایی دا، کۆلێج وەک بەشێک لە گەورەکردنەوەی زیاتری ناو کۆلێج، پرۆژەی پەرەپێدانی خۆی بەڕێوە دەبات، کە بریتین لە دروستکردنی شوێن و جوانکاری دەوروبەری ئەم شوێنانە.


لە ساڵی ٢٠١٦ بودجەکان تەرخان کران بۆ دروستکردنی باڵەخانەیەکی دیکە بە باڵەخانەی ئێستا، کە ئامانجی دروستکردن، پەرەپێدان و زیاترکردنی وۆرکشۆپەکان و هەروەها سویتێکی تایبەتی دروستکردنەوەیە. کارگەکان شوێنی تایبەتیان بۆ بەشی موسیقا هەیە و بەم زووانەیش بەشی پیشە دەستێەکانیش دادەمەزرێندرێت.

**کۆلێجی هونەر و تەلارسازی لیستی بەرنامەی پلە/بڕوانامەکان**

| | |
|---|---|
| **تەلارسازی** | |
| تەلارسازی | MA/MSc & PhD |
| **پلان سازی شار** | |
| شارستانی | BA/BSc |
| پلانسازی شار | MA/MSc |
| دیزاینی شار | MA/MSc |
| **موسیقا** | |
| موسیقای ئێرانی | BA/BSc |
| **پیشەی دەستی** | |
| پیشەی دەستی | BA/BSc |










**کۆلێجی ئەندازیاری**

## کۆلێجی ئەندازیاری


کۆلێجی ئەندازیاری یەکێکە لە گەورەترین و سەرکەوتووترین کۆلێجەکانی ئێران. ئەم کۆلێجە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٥، هەوڵی داوە بۆ باشترکردن و ئافراندن لە پەروەردە و لێکۆڵینەوە دا. دەرچووانی ئەم کۆلێجە دەبێت ببنە ڕێبەران و بڕیاردەرانی پیشەسازی و کۆمەڵگە. ئەم کۆلێجە بە زیاتر لە ٢١٠٠ خوێندکار پێشەنگە لە ئەنجامدانی بەرنامەکانی پلەی بەکالوریۆس و ماستەر، هەروەها تەرکیز دەکاتە سەر بەردەوامبوون و زانستی ئەندازیاری و خەریکە خوێندکارگەلێک ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە متمانەی تەواوەوە کێشەکانی ئێستا لە ئاستی کۆمەڵگەی جیهانی، نەتەوەیی و ناوچەیی لێک بدەنەوە. هەروەها ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەندازیارییەکان بە باشی تێدەگەن، کێشەکان لێکدەدەنەوە و چارەسەریشیان دەکەن.

٦٢ ستافی زانستی تەواوکاتی ئەم کۆلێجە وەک پسپۆڕانی نەتەوەیی لە بوارەکانی خۆیان دا ناسێندروان. کۆلێج بەردەوام خەریکی دروستکردنی پەیوەندی نوێیە لەگەڵ لایەنەکانی پیشەسازی و کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی تەرکیز بکاتە سەر فێرکردن و لێکۆڵینەوە لە جیهانی- واقیعی دا. کۆلێجی ئەندازیای لە ئێستا دا ٧ بەشی هەیە کە ٩ پرۆگرامی پلەی بەکالوریۆس، ٢١ پرۆگرامی پلەی ماستەر (لەوانە ٣ پرۆگرامی پلەی دکتۆرا) پێشکەش دەکات، کە لە خشتەکەی خوارەوە پیشان دراوە:

بەشی ئەندازیاریی کیمیا
بەشی ئەندازیاریی ڕێگاوبان
بەشی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری
بەشی ئەندازیاریی ئەلیکتریکی
بەشی ئەندازیاریی پیشەسازی
بەشی ئەندازیاریی مێکانیک
بەشی ئەندازیاریی کانزا









**لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی ئەندازیاری**

| | |
|---|---|
| **ئەندازیاریی کیمیا** | |
| ئەندازیاریی کیمیا | BSc |
| ئەندازیاریی کیمیا ـ پرۆسەی دیزاین | BSc |
| ئەندازیاری کیمیا ـ تێرموسینتیک و کاتالیست | MSc |
| **ئەندازیاریی ڕێگاوبان** | |
| ئەندازیاریی ڕێگاوبان | BSc |
| پێوان لە ڕێگای دوورەوە | MSc |
| ئەندازیاریی بوومەلەرزە | MSc |
| هیدرۆلیک و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاویەکان | MSc |
| ئەندازیاریی پێکهاتە | MSc&PhD |
| **ئەندازیاریی کارەبا/ئەلیکتریک** | |
| ئەندازیاریی کارەبا/ئەلیکتریک | BSc / MSc |
| سووڕی ئاوێتە | MSc |
| ئامێرەکانی میکرۆئەلیکتریک و نانوئەلەکترۆنیک | MSc |
| سیستەمەکانی پەیوەندیکردن | MSc |
| ئەندازیاریی کۆنترۆڵی ئەلیکتریک | MSc |
| ئەندازیاریی سیستەمە وزەییەکان | BSc / MSc&PhD |
| **ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و IT** | |
| ئەندازیاریی سۆفتوێری کۆمپیوتەر | BSc |
| تەکنۆلۆژیای زانست | BSc |
| هۆش/ڕۆبۆت | MSc |
| زیرەکی دەستکرد و ڕۆبۆتیکس | MSc |
| **ئەندازیاریی پیشەسازی** | |
| ئەندازیاریی و بەرهەمهێنانی پیشەسازی | BSc / MSc&PhD |
| لۆجستیک و زنجیرەی دابینکردن | MSc |
| باشینەکردنی سیستەم | MSc |
| **ئەندازیاریی میکانیک** | |
| ئەندازیاریی میکانیک | BSc |
| ئەندازیاریی میکانیک ـ دیزاینی کردارەکی | MSc |
| گۆڕینی وەزە ـ گەرما و شلەمەنیەکان | MSc |
| **ئەندازیاریی کانزا** | |
| ئەندازیاریی کانزا | BSc |
| دۆزینەوەی کانزاکان | MSc |



ژمێریاری
بەڕێوەبردنی پیشە و کار
زانستە پەروەردەییەکان
پەروەردەی جەستەیی
یاسا
فیقهـ و یاسای شافیعی
دەروونناسی
کۆمەڵناسی
ڕاوێژ
ئابووری
توێژینەوە ئیسلامییەکان




ئەم کۆلێجە ٢ ناوەندی کۆمپیوتەری تایبەت بە خوێندکار، ناوەندێکی فێرکاری پێشکەوتووی کۆمپیوتەر، تاقیگەیەکی زانستە وەرزشیەکان و ناوەندی لێکۆڵینەوە بە نوێترین ئیمکاناتەوە هەیە، دوو تاقیگەی دیکەی تایبەت بە بەشی ڕاوێژ و دەروونناسی، کتێبخانەی هەژار، و هەروەها ئیمکاناتی کۆنفرانس و کۆڕ، وەک هۆڵەکانی فیردەوسی، مەستوورە ئەردەڵان و مەولەویشی هەیە. کۆلێجی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستا دا ٦٤ ئەندامی ستافی زانستی تەواوکات و هەندێک ستافی فێرکاری نیوەکاتی هەیە.

## کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان




لە ساڵی ٢٠١٢ کۆلێجی ئەدەبیات بە فەرمی کرایە دوو کۆلێج، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆلێجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان. ئەم کۆلێجە لە ئێستادا ١١ بەشی هەیە کە لە چالاکییەکانی فێرکردن و لێکۆڵینەوەدا بەشدارن. کۆلێج نزیکەی ٢٥٠٠ خوێندکاری هەیە کە لە ٩ پرۆگرامی پلەی بەکالوریۆس، ١٨ پرۆگرامی پلەی ماستەر و ٤ پرۆگرامی رپلەی دکتۆرادا بەشدارن.



## لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبردنی وەرزش | MA |
| دەروونناسیی وەرزش | MA |
| بەڕێوەبردنی بازاڕگەری لە وەرزش | MA&PhD |
| فیزیۆلۆژی وەرزش ـ زانستی زیندەکیمیای وەرزشی و مێتابۆلیزم | PhD |
| **کۆمەڵناسی** | |
| لێکدانەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | BA |
| کۆمەڵناسی | MA |







| | |
|---|---|
| **ژمێریاری** | |
| ژمێریاری | BA/MA |
| **بەڕێوەبردنی کار و پیشە** | |
| بەڕێوەبردنی کار و پیشە | BA |
| بەڕێوەبردنی گەشتیار | BA |
| بەڕێوەبردنی بازاڕگەری | MA |
| پلەی ماستەری بەڕێوەبردنی کار و پیشە | MA |
| کارگێڕی کار | MA |
| **دەروونناسی** | |
| دەروونناسیی | BA |
| دەروونناسیی کلینکی | MA |
| دەروونناسیی ناسینی | MA |
| **زانستە ئابووریەکان** | |
| زانستە ئابوورییەکان ـ ئابووری تیئۆری | BA |
| زانستە ئابووریەکان | MA |
| گەشەی ئابووری و پلاندانان | MA |
| ئابوری | BA |
| زانستی ئابوری‌ـ ئابوری وزە | MA |
| **بەڕێوەبردنی پەروەردە و پلاندانان** | |
| بەڕێوەبردنی پەروەردە و پلاندانان | BA |
| پلاندانانی خوێندن | MA |
| پلاندانانی پەروەردە | MA |
| بەڕێوەبردنی پەروەردە | MA&PhD |
| خوێندنی باڵای پلاندانانی گەشەکردن | PhD |
| **ڕاوێژکردن** | |
| ڕاوێژکردنی بنەماڵە | MA |
| ڕاوێژکردنی خوێندنگە | MA |
| **یاسا** | |
| یاسا | BA |
| یاسای تاوانی و تاوانناسی | MA |
| **فیقهـ و یاسای شافیعی** | |
| فیقهـ و یاسای شافیعی | BA/MA |
| **پەروەردەی جەستەیی** | |
| زانستی ژیانی وەرزشی | BA |

**لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان**

| | |
|---|---|
| **زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی** | |
| زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی | BA/MA |
| **ئەدەبیات و زمانەوانی ئینگلیزی** | |
| زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی | BA/MA |
| فێرکاریی زمانی ئینگلیزی | BA/MA |
| زمانەوانی | MA |
| **زمان و ئەدەبیاتی فارسی** | |
| زمان و ئەدەبیاتی فارسی | BA/MA PhD |
| **زمان و ئەدەبیاتی کوردی** | |
| زمان و ئەدەبیاتی کوردی | BA |






## کۆلێجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان

کۆلێجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ بەرلەوەی بەشێک بێت لە کۆلێجی ئەدەبیات و مرۆڤایەتی بە فەرمی چالاکی فێرکاری و توێژینەوەیی خوی دەست پێ‌کرد. شایانی باسە کە کۆلێجی ئەدەبیات و مرۆڤایەتی کە جیا کرایەوە، لە ساڵی ١٩٩١ وەکوو دووەمین کۆلێجی زانکۆی کوردستان کرایەوە، بەڵام ئەم کۆلێجە چالاکیەکانی زۆر زووتر لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێکردبوو، ئەو کاتە خوێندکاری لە بواری پەروەردەی مامۆستای زمانی ئینگلیزی وەرگرتبوو و دواتر ١۴ بەشی دیکەیشی دامەزرێندرا. لە ئێستا دا کۆلێجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان ۴ بەشی هەیە کە ۵ بەرنامەی پلەی بەکالوریۆس، ۵ بەرنامەی پلەی ماستەر و ١ بەرنامەی پلەی دکتۆرا پێشکەش بە زۆرتر لە ٧٦٠ خوێندکار دەکات؛

**زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی**
**زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی**
**زمان و ئەدەبیاتی کوردی**
**زمان و ئەدەبیاتی فارسی**



ئەم کۆلێجە، لە ئێستا دا ٣٠ ستافی زانستی تەواوکات و هەندێک ستافی فێرکاریی نیوەکاتی هەیە.

| | |
|---|---|
| **زانستی ژینگە** | |
| بەڕێوەبردنی ژینگە | BSc |
| فراوانی ئاژەڵان و زیندەوەرناسی پاراستن | MSc |
| بەڕێوەبردنی کەڵکوەرگرتن لە زەوی و پەرەپێدانی بەردەوام | MSc |
| پیس‌بوونی ژینگە (هەوا، خاک و ئاو) | MSc |
| تەکنۆلۆژیای ژینگە | MSc |
| **پەروەردەکردنی ماسی** | |
| ئەندازیاریی پەروەردەکردنی ماسی | BSc |
| بەخێوکردنی گیانلەبەرە ئاوییەکان | MSc |
| زیندەوەرناسیی ماسی و ژینگەناسیی ئاژەڵە ئاوییەکان | MSc |
| **پەرەپێدان بە دارستان** | |
| بەڕێوەبردنی دارستان | MSc |
| زیندەوەرناسیی دارستان و پەرەپێدان بە دارستان | MSc |
| ئاگرۆفارێستری | MSc |
| **بەڕێوەبردنی لەوەڕگە و سەرچاوە ئاوییەکان** | |
| ئەندازیاریی لەوەڕگە و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان | BSc |
| بەڕێوەبردنی لەوەڕگەکان | MSc |
| بەڕێوبردنی سەرچاوە ئاوییەکان | MSc |
| زانستی کاریگەری ئاو و ژینگە | MSc |
| ئەندازیاری کۆگاکانی ئاو- حفاظت آب و خاک | MSc |
| ئەندازیاری کۆگاکانی ئاو-لافاو و ڕووبار | BSc |
| **زانستی ڕواڵەتی زەوی** | |
| بەڕێوەبردنی زانستی ڕواڵەتی زەوی | BSc |
| مەترسیە سروشتییەکان | MSc |
| هایدرۆ-جیئۆمۆرۆفۆلۆژی | MSc |
| **ئاووهەواناسی** | |
| ئاووهەواناسی | BSc |
| ئاووهەواناسی کرداری | MSc |
| جوگرافی | BSc |



## کۆلێجی سەرچاوە سروشتییەکان

کۆلێجی سەرچاوە سروشتییەکان لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆلێجی کشتوکاڵ دامەزرێندرا. لە ساڵی ٢٠٠٧، ئەم کۆلێجە لە کۆلێجی کشتوکاڵ جیا کرایەوە و چالاکیە فێرکاری و توێژینەوەییەکانی خۆی سەربەخۆ دەست پێکرد. کۆلجێی سەرچاوە سروشتییەکان تەرکیز دەکاتە سەر پاراستن، دووبارە بنیاتنانەوە، بەڕێوەبردن، و پەرەپێدانی سەرچاوە سرووشتیە نوێکردەنیەکان، وەک دارستان، لەوەڕگەکان، بەنداوەکان، خاک، ئاژەڵە جۆربەجۆرەکان و سەرچاوە پەیوەندیدارەکانی تر. لە ئێستادا، ئەم کۆلێجە ٦ بەشی هەیە (بە هەمان شێوە کە لە خوارەوە ریز کراوە) کە ٦ بەرنامەی پلەی بەکالوریۆس، ١٣ بەرنامەی پلەی ماستەر پێشکەش دەکات (خشتەی خوارەوە ببینە). ئەم کۆلێجە ٣٦ ستافی زانستی تەواوکات و زۆرتر لە ٢٤ ستافی نیوەکاتی هەیە کە خزمەتی فێرکاری و توێژینەوە پیشکەش بە زیاتر لە ١٠٠٠ خوێندکار دەکەن. ئەم کۆلێجە هەندێ تاقیگەی جۆربەجۆر و چەندین ناوەندی توێژینەوەی هەیە کە بریتین لە: ئاکواریۆمی توێژینەوە، تاقیگەی زیندەوەرناسیی ماسی. زیندەوەرناسیی ماسی، تاقیگەی زیندەوەرناسیی لەوەڕگە و دارستان، تاقیگەی زیندەوەرناسیی ژمێرەیی دارستان، تاقیگەی ئاووهەواناسیی، تاقیگەی جیئۆمۆرفۆلۆژی، پیشانگای گیا، ناوەندی GIS و RS، ناوەندی نەخشە کێشان، وێستگەی سینۆپتیکی ئۆتۆماتیک و کلاسیک، تاقیگەی زیندوەرناسیی ئاژەڵان، شوێنی بەندکردنی تاقیگەیی ئاژەڵان، ناوەندی مۆمیاکردن، تاقیگەی کۆنترۆڵکردنی جۆری خاک، ئاو و هەوا.



## بەشەکان:

**پەرەپێدان بە دارستان**

**بەڕێوەبردنی لەوەڕگە و سەرچاوە ئاوییەکان**

**بەخێوکردنی گیانلەبەرە ئاوییەکان**

**زانستە ژینگەییەکان**

**جیئۆمۆرفۆلۆژی**

**ئاووهەوناسی**




کۆلێج زیاتر لە ١١٠٠ خوێندکاری لە ٧ بەرنامەی خوێندنی بەکالۆریۆس، ١٧ بەرنامەی ماستەر و ١٥ بەرنامەی پلەی دکتۆرای هەیە. جگە لەمە، تاقیگەی فێرکاری و توێژینەوەی زۆری هەیە کە بریتین لە ١٢ تاقیگەی کیمیا، ٨ تاقیگەی فیزیا، و ٥ تاقیگەی زیندەورناسیی، ٣ تاقیگەی بیرکاری و ئامار و یەک تاقیگەی زەویاسیی.




## کۆلێجی زانست



کۆلێجی زانست بە کۆنترین کۆلێجی زانکۆی کوردستان ناسێندراوە و ٤٠ ساڵە ئەم کۆلێجە هەیە، و هەروەها رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لە پەروەردە و توێژینەوە لە پارێزگا دا. لە ئێستا دا ئەم کۆلێجە شانازی بەوە دەکات کە ٧ ئەندامی ستافی زانستی هەیە کە هەڵگری بڕوانای پڕفیسۆری تەواون، هەروەها ٢٠ پڕۆفیسۆری یاریدەر و ٤٠ پڕۆفیسۆریاری هەیە. جگە لەمە، ئەم کۆلێجە ژمارەیەک ستافی زانستی نیوەکاتی دیکە دادەمەزرێنێت. ئەم کۆلێجە ٦ بەشی هەیە:



**زانستی زیندەوەرناسی**
**کیمیا**
**زانستی زەوی**
**بیرکاری**
**فیزیا**
**ئامار**



## لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی زانست

| زانستی زەوی | |
| --- | --- |
| زانستی زەوی | BSc |
| کیمیای زەوی | MSc |




## لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی زانست

| | |
|---|---|
| **کیمیا** | |
| کیمیای کردارەکی | BSc |
| کیمیای تیئۆری | BSc |
| نانۆکیمیا | MSc&PhD |
| کیمیای پۆلیمری | MSc |
| کیمیای لێکدانەوەیی | MSc&PhD |
| کیمیای سروشتی | MSc&PhD |
| کیمیای ناسروشتی | MSc&PhD |
| کیمیا فیزیک | MSc&PhD |
| **بیرکاری** | |
| بیرکاری و کارامەیی | BSc |
| بیرکاری تیئۆری- تۆپۆلۆژی | MSc |
| بیرکاری کردارەکی- لێکدانەوەی ژمارەیی | MSc&PhD |
| بیرکاری تیۆری - لێکدانەوەی بیرکاری | MSc&PhD |
| بیرکاری تیئۆری - جەبر | MSc&PhD |
| **ئامار** | |
| ئامار | BSc |
| ئاماری بیرکاری | MSc |
| **فیزیا** | |
| فیزیا | BSc |
| فیزیای بنەمایی (فیزیای تیۆری) | MSc |
| فیزیای ماددەی ڕەق | MSc&PhD |
| فیزیای تیری- ئۆپتیکی کوانتۆمی | PhD |
| فیزیای تیۆری - ئەستێرەناسی و فیزیای ئەستێرەناسی | PhD |
| فیزیای تیۆری - زانیاری کوانتۆم و ژماردن | PhD |
| فیزیای تیۆری - هێزی کێشی زەوی و گەردووناسی | PhD |
| فۆتۆنیک | MSc&PhD |
| فیزیکی دوخی چڕ | MSc |
| **زیندەوەرناسی** | |
| تەکنۆلۆژیای زیندەوەری | BSc |
| زیندەوەرناسی خانەخانەیی و گەردیلەیی | MSc |
| زیندەکیمیا | MSc |
| **زانستی کۆمپیوتەر** | |
| زانستی کۆمپیوتەر | BSc |

## شاری بیجاڕ

شاری بیجاڕ لە ١٤٠ کیلۆمەتری باکووری سنە، لە نێوان شارەکانی سنە و زەنجان دا هەڵکەوتووە. هەندێ کەس لە باوەڕە دان کە وشەی بیجار لە وشە "بیدزار" ـ ەوە وەرگیردراوە، کە بە واتای "شوێنێکە کە داری بی زۆری تێدا یە". بەهۆی بەرزایی زۆری ئەم شارە لە ئاستی دەریاوە، بە "بانی ئێران" ناسێندراوە. ئەم ناوچەیە بە هۆی هەبوونی فەرشی دەسکرد و مافوورەوە ناوبانگی جیهانی دەرکردووە و دانیشتووانی ئەم ناوچەیە داهاتی خۆیان لەم پیشەوە بەدەست دەهێنن. یەکێکی دیکە لە دیارییەکانی ئەم پارێزگایە بریتیە لە نانی Euphorbia helioscopia و حەڵوای سۆهانی (Sohani Halva). بەرهەمە سەرەکیە کشتوکاڵیەکانی ئەم ناوچەیە گەنم و ترێیە. شوێنە فەرهەنگیە زۆر گرنگەکانی ئەم ناوچەیە، ئەمانەن:



### قەڵای مێژوویی قەمچقای

پاشماوە/ئاسەواری ئەم قەڵایە ٤٥ کیلۆمەتر لە شاری بیجاڕ دوورە. ئەم قەڵایە لە نێوان سەدەکانی ٨ و ٩ـی پێش زایین دا دروست کراوە. شیو و دۆڵگەلێکی قووڵ دەوری ئەم قەڵایەیان داوە و ئەم قەڵایە بەسەر شیو/دۆڵی شاهان دا هەڵکەوتووە. خەڵک لەو باوەڕە دان ئەم قەڵایە هەتا سەردمی ساسانیەکان و تەنانەت ئیسلامیش کەڵکی لێوەرگیراوە.

### بازاڕی بیجاڕ



ئەم بازاڕە لە ناوەندی شارەکە دا یە. ئەم بازاڕە ناوازەیە (تیمچە)، کە دوای حاجی شەهباز بەم ناوە ناوبیر کراوە، بە یەکێک لە کارە هەرەجوانەکانی تەلارسازی سەردەمی ئیسلام لەم پارێزگایە دا دادەنرێت.



### ناوچەی پارێزراوی بیجاڕ

ئەم ناوچە ژینگەییە پارێزراوە، لە باکووری-ڕۆژهەڵاتی پارێزگا دا هەڵکەوتووە کە ناوچەیەکی ٢٣٫٠٠٠ دۆنمی لە خۆ دەگرێت. دەتوانیت هەندێ ئاژەڵی دەگمەن و نایاب لەم شوێنە دا بدۆزیتەوە. گەشتیاران و ژینگەدۆستان هان دەدرێن و ڕێنمایی دەکرێن کە سەردانی ئەم ناوچەیە بکەن.

## کۆلێجی زانست
## و ئەندازیاریی بیجاڕ



کۆلێجی ئەندازیاریی و زانستی بیجاڕ لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠١٤ دامەزرێندرا و چالاکی فێرکارانەی خۆی لە بواری زانستی کۆمپیوتەر، فیزیا و ئامار دەست پێکرد، بە هەمان شێوە کە لە خوارەوە ڕیز کراوە. هەر وەک بە ناوەکەی دا دیارە، ئەم کۆلێجە لە شاری بیجاڕ، شارێک لە پارێزگای کوردستان دا هەڵکەوتووە.

**لیستی بەرنامەکانی بڕوانامەی کۆلێجی ئەندازیاریی و زانستی بیجاڕ**

| | |
|---|---|
| **زانستی کۆمپیوتەر** | |
| زانستی کۆمپیوتەر | BSc |
| **فیزیا** | |
| فیزیا | MSc |
| **ئامار** | |
| ئامار و کارامەیی | BSc |
| **ئەندازیاری شارستانی** | |
| ئەندازیاری شارستانی | BSc |











## کۆلێجی خۆبەڕێوەبەری زانکۆی کوردستان (پەردیس)

دوای سەرکەوتنێکی بەرچاوی چالاکیە پەروەردەیی و توێژینەوەیەکانی زانکۆی کوردستان، ئەنجومەنی خوێندنی باڵا لە جولای ٢٠١٣ قایل بوو بەوەی کە کۆلێجی خۆبەڕێوەبەر دابمەزرێندرێت، بەپێی هەبوونی ژێرخانی باش و گونجاو، وەک هەبوونی شوێنی فیزیکی باش، هەبوونی سەرچاوەی مرۆیی تەواو، بریتی لە ستافی زانستی و کارگێری بە ئەزموون، وۆرکشۆپ/کارگەکان، تاقیگە، شوێنی کۆمپیوتەر، سەرچاوە و شوێنی کتێبخانە، هۆڵی خوێندن، پێداویستی وەرزشی، هەروەها کارامەیی و بەڕێوەبردنی ناو زانکۆ.

ئەم کۆلێجە خۆبەڕێوەبەرەی ناو زانکۆ لە ئێستا دا ٢٢ بەرنامەی خوێندنی ماستەر، لەوانە پلاندانانی شاری، ئەندازیاریی بنیاتنانەوە، ئەندازیاریی پیشەسازی، ئابووری کشتوکاڵ، زانستی چاندنی میوە، و فیزیۆلۆژی وەرزش پێشکەش دەکات. ئامانجی ئەم کۆلێجە، پەرەپێدان بە لیستی خولە پێشکەشکراوەکانە لە داهاتوویەکی نزیک دا.





مجتمع کلاس‌های دیاری گوڵان



## دەزگای تویژینەوەی نانۆتەکنۆلۆژیا

دەزگای تویژینەوی نانۆتەکنۆلۆژیای زانکۆی کوردستان لەسەر پێکهاتە و کارامەیی نانۆمەتریاڵەکان لێکۆلینەوە دەکات و ڕێنمایی دەدات. ئەنجومەنی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای نانۆی ئێران و وەزارەتی زانست، تویژینەوە و تەکنۆلۆژیا پاڵپشتی دەکات لە ئەم دامەزراوەیە. زۆرتر لە ۴۰ ستافی زانستی و خوێندکاری ماستەر بەشداری دەکەن لە پڕۆژە تویژینەوەییەکانی ئەم دامەزاوەیە، و هەروەها ئەم ناوەندە لە ساڵی دامەزراندنیەوە، واتە ۲۰۱۱، زۆرتر لە ۶۰ تیزی زانستی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهان دا بڵاو کردوەتەوە. ئەم دامەزراوەیە سێ بەشی تویژینەوەی هەیە: نانۆکیمیا، نانۆمەتریاڵ، و لێکۆڵینەوەی تیۆریک و هاوچەشنسازی.



ئەم دامەزراوەیە، بە نوێترین ئامێرەکان وەک، XRD, AFM, FESEM, AG و لێکدەری ئەندازەی گەردیلە دامەزراوە.




## دەزگای توێژینەوە



## تیمی کاردانەوەی خێرای ناوەندی کۆمپیوتەر (CERT)

ئەرکی تیمی کاردانەوەی خێرای ناوەندی کۆمپیوتەر (CERT) لە زانکۆی کوردستان بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی سیستەمی پاراستنی کۆمپیوتەر و تۆڕەی ناوەندی CERT بە لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی پاراستنی مەجازی، تەرکیز دەکاتە سەر کاردانەوە بەرگە نەگرتنیەکانی بەرنامەکانی وێب، سیستەمە تۆڕییەکان و بەرهەمە نەرمەواڵەییەکان. ئامانجی ئەم ناوەندە ئەوەیە کە بەرهەمەکانی دنیای مەجازی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ترافیک، لێکدانەوەی زیانەواڵە، دۆزینەوە و پشکنینی دەستێوەردان بپارێزێت. سەرەڕای ئەوە، CERT وەک ناوەندێکی لێکۆڵینەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەرنامەکانی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بەشداری بکات لە جێبەجێکردنی ئامرازەکانی پاراستنی زانیاری. هەروەها ئەم ناوەندە وۆرکشۆپگەلێک و چەندین بەرنامەی کورتی پەروەردەیی بۆ خوێندکاران و پسپۆڕانی بواری تەکنۆلۆژیای زانست لە بواری پاراستنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی بەڕێوە دەبات.



## ناوەندی توێژینەوەی زیرەک/میکرۆ

ناوەندی توێژینەوەی زیرەک/میکرۆ (SMGRC)، ناوەندێکی توێژینەوەی نێونەتەوەییە کە لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ـەوە بە فەرمی دامەزرا. SMGRC سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ڕاهێنان، پشکنین و پێداویستی تاقیگەیی بۆ پرۆژە زانستیی/پیشەیە جۆربەجۆرەکانی تۆڕی زیرەک و تۆڕی بچووک، بە تایبەت لە بواری کۆنترۆڵی پێشکەوتوو و زیرەکی پێکهێنان و شێوازەکانی لێکدانەوە دابین دەکات. سەرباری نموونە دروستکردن و شوێنی هاوچەشنی بۆ ڕاهێنان و ئامانجە پەروەردەییەکان، هەندێ جەنەڕاتۆر (وەک، پانێلی PV، تۆربینی با، جەنەراتۆری دیزڵ)، سیستەمەکانی خزنکردنی وزە، پارچەکانی تۆڕ، مۆدول، سیستەمی لاوەکی لە بەردەست دان کە پۆلە جیاجیاکانی پشکنین و پشڕاستکردنەوە دەتوانن بەکاریان بهێنن. نەرمی‌نواندنی SMGRC ڕێگە دەدات بە لەبەرچاوگرتنی جۆرەکانی MG (DC, AC و دوورەگە) حاڵەتەکانی جێبەجێکردن (گرێدراو بە تۆڕ و بەستراو) و هەروەها هێشووەکانی MG، لەسەر پێکهاتە جیاجیاکان کار بکرێت. ناوەڕۆکی پلەتفۆرمی ئێستا، هاوچەشنسازێکی خێرایە کە دەتوانێت لە ڕێگەی ئامپلی‌فایرەکانی وزەوە پەیوەست بکرێت بە ئیمکاناتی ڕەقەواڵەییەوە. زانکۆی کوردستان و کۆمپانیای ئەلکتریکی ناوچەی ڕۆژاوا (WREC) پاڵپشتیکەرانی سەرەکی SMGRC-ن. تیمی SMGRC پێک هاتووە لە پەرەپێدانی بەردەوام و بەرچاوی ژمارەی خوێندکارانی پلەی ماستەر و دکتۆرا، سەردانی لێکۆڵەرەوەکان و دەرچووانی پلەی دکتۆرا کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی لێکۆڵینەوە لە تۆڕە زیرەک و بچووکەکان لە خۆ دەگرن.

Smart/Micro Grids Research Center





## دەزگای توێژینەوەی دەسکاریکردن و پەرەپێدانی گیا دەرمانیەکان

پارێزگای کوردستانی ئیران لەبەر هەبوونی ڕێژی زۆری بارانبارین و هەڵکەوتن لە ناوچە شاخاوییەکان دا، گیای دەرمانی زۆری هەیە. هۆکارەکانی دامەزراندنی دەزگای توێژینەوەی دەسکاریکردنی گیادەرمانیەکان و گەشەکردن دەگەڕیتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە ئەم دامەزراویە ١١ بەشی لەم بوارە دا هەیە. سەرەڕای ئەمە، زانکۆی کوردستان تاقیگەی گونجاو و باشی هەیە لەوانە ( GC-MS، چەندین تاقیگەی جۆربەجۆری ڕووناکیپێو و کرۆماتۆگرافی)، مەزرای پان و بەرین و هەروەها چەندین گوڵخانەی دیکە کە شوێنگەلێکی زۆر گونجاون بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە. ئەم دامەزراوەیە دوو بەشی توێژینەوەی هەیە: چاندن و دەسکاریکردنی گیا دەرمانیەکان و کەڵکوەرگرتن لە گیا دەرمانیەکان



### هەندێ لە ئامانجەکانی ئەم دامەزراوەیە بریتیە لە:

**ناساندنی گیا و ڕووەکەکانی ناوچەکە و سازکردنی ئینسایکلۆپیدیایەکی تۆکمە و تەواو،**
**دەرهێنان و جیاکردنەوەی پێکهاتە چالاکەکانی گیا دەرمانیەکان،**
**بڵاوکردنەوە و دەسکاریکردنی گیا دەرمانیەکان بۆ بەدەست خستنی قازانجی ئابووری،**
**ناساندنی گیا دەرمانیە نوێیەکان بەپێی کەشوهەوای پارێزگا، و**
**هەروەها زیاتر کەڵکوەرگرتن لە گیا دەرمانیەکان بە مەبەستی تەندروستی مرۆڤ.**

## دەزگای توێژینەوە کوردی/کوردستاننناسی



سالّی ٢٠٠٠ بەرپرسی وەزارەتی خوێندن، توێژینەوە و تەکنۆلۆژیا بەشێوەی فەرمی ئەم دەزگایەی دامەزراند. ئەم دامەزراوەیە لێکۆڵینەوەییە سێ بەشی توێژینەوەی هەیە: ئەدەبیات و زمانەوانی کوردی، توێژینەوەی فەرهەنگی کوردی و مێژوو و توێژینەوەی ستراتیژیکی کوردی و گەشەکردن. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە یە لە بوارەکانی زمانی کوردی، ئەدەبیات و کەلتوور و هەروەها نیشاندانی دەوڵەمەندی ئەم بەشانەیە لە ئاستێکی بەرفراواندا. سەرەڕای ئەمە، لەم دواییانە دا توانیانە سەرکەوتووانە بەرنامەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئاستی بەکالوریۆس پێشکەش بکەن و هەروەها ئامانجیان ئەوەیە ئەم بەرنامە بۆ ئاستی ماستەریش چێ بکرێت.

چەندین پڕۆژە و کۆنفڕانس کە لەم دامەزراوەیە دا بەڕێوە چووە بە مەبەستی گەیشتن بەم ئامانجانەی سەرەوە بووە. ئەو پڕۆژانەی هەتا ئێستا تەواو کراون بریتین لە فەرهەنگی وشەی فارسی-کوردی زانکۆی کوردستان، گۆڤاری سێمانگە/وەرزنامەی ئەدەبیاتی کوردی، و هەندێ کتێبی دیکە لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی. لە سالّی ٢٠١٠، یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئەدەبیاتی کوردی لە کۆلێجی ئەدەبیات و زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی کوردستان بەڕێوە چوو، کە ئەم دامەزراوەیە ڕێکی خستبوو، وە دوابەدوای ئەم کۆنفرانسە، یەکەمین کۆنفڕانسی بنەماڵەی ئەردەڵان لە سالّی ٢٠١١ بەڕێوە چوو. دوابەدوای ئەمەیش سێ مەراسمی یادەوەری دکتۆر (مەهین‌دوخت موعتەمەدی) (٢٠١٤)، (ئەحمەد قازی و ئەحمەد شەریفی) (٢٠١٥) بەڕێوە چوو. جگە لەمانە، دامەزراوەکە وۆرکشۆپەکانی ڕاهێنان بە بەردەوامی ئەنجام ئەدات و هەروەها ئەم دامەزراویە کتێبخانەی سەرچاوە بەنرخەکانی ئەدەبیاتی کوردی هەیە کە بە ڕووی توێژەر و لێکۆڵەرە ئارەزوومەندەکان دا کراوەیە.





## ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدانی دارستانەکانی زاگرۆسی باکوور

ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدانی دارستانەکانی زاگرۆسی باکوور لە بانە هەڵکەوتووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ بە مەبەستی باشترکردنی بەردەوامی کوالێتی پرۆژەی زیادکردنی دارستان لەرێگەی لێکۆڵینەوەی کردارەکی و پەرەپێدان، چاودێریکردنی پرۆژەکانی زیادکردنی دارستان و چاکسازی سیستەم و لێکۆڵینەوە دامەزرێندرا.

ئامانجی سەرەکی ئەم ناوەندە، دڵنیاییکردنە لە بەردەوامی و مانەوەی دارستانەکانی زاگرۆسی باکوور. ئەم ناوەندە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لەگەڵ ئاژانسە جێبەجێکارەکان (رێکخراوەی سەرچاوە سروشتییەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، وەزارەتی وزە)، ئاسانکەرەکان (کۆلێجی جیهانیی ژینگە- بەرنامەی بەخشینە بچووکەکان ) و هەروەها خوێندکارانی پلەی ماستەر (تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا) هاوکاری دەکات.

### لێکۆڵینەوە لەم بابەتانەی خوارەوە دا کرا:

**زیادکردنی دارستان،**

**لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی دارستان،**

**بەخێوکردنی دارستان،**


**ئەندازیاریی و کەڵکوەرگرتن لە دارستان،**

**ئەگرۆفۆرێستری،**

**چاکسازی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان،**

**باشترکردنی شێوازەکانی جێبەجێکردنی زیادکردنی دارستان،**

**ئامادەکردن و چاودێریکردنی پرۆژەکانی زیادکردنی دارستان.**



## دەزگای توێژینەوە دەسکاریکردن و باشپەروەردەکردنی شلیک

شلیک یەکێک لە بەرهەمە هەرەگرنگەکانی پارێزگای کوردستانە و ئەم پارێزگایە لە بەرهەمهێنان شلیک لە ئێران دا یەکەمە (ساڵانە ٣٧٠٦٩ تۆن) و پانتایی ئەو شوێنانەی کە تەرخان کراوە بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی لە پارێزگا دا (٢٢٨٣ دۆنم)ە. پارێزگای کوردستان ٦٠%ی شلیکی ئێران بەرهەم دەهێنێت. بەکاربردنی شێوازی نوێ و زانستی لە بەرهەمهێنانی شلیک، شتێکی زۆر گرنگە. کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ دەزگای توێژینەوەی دەسکاریکردن و باشپەروەردەکردنی شلیکی دامەزراند بە مەبەستی ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی بکات لەسەر نەخۆشیزانی ئەم بەرهەمە و هەروەها نوێترین و باشترین شێوازەکانی چاندن و بەرهەمهێنانی شلیک وەدەست بخات. ئەم دامەزراوەیە دوو بەشی توێژینەوەی هەیە: تەکنۆلۆژیای زیندەوەری شلیک و دەسکاریکردن و باشپەروەردەکردنی شلیک، ئابووری و بازاڕگەری.

### ئامانجی گشتی ئەم ناوەندە توێژینەوەییە:

**لێکدانەوەی فراوانی ژنەتیکی جۆرە سروشتییەکانی شلیک،**
**بەرگری جین لە بەرانبەر ئافات و نەخۆشیەکان،**
**بەرگری جین لە بەرانبەر وشکی و سۆڵی بەرهەمەکە لە ناوچەکە،**
**چاندن بە شێوازە کۆنەکان بۆ بەرهەمهێنانی شەتڵی باش و ناساندنی ئەمانە بۆ بەرهەمهێنانیان لە ئاستێکی زۆر دا.**

## ناوەندی ئەنکوباتۆر/گەشەی زانکۆی کوردستان




ناوەنـدە ئەنکوباتـۆرەکان بـۆ دروسـتکردن، گەشەسـەندن و پەرەپێدانـی پیشـە بچـووک و بنەمـا زانستیەکان بنیـات دەنرێـن. ئـەم ناوەندە نووسـینگە، شـوێنی تەکنیکـی، و تاقیکردنـەوە لەگـەڵ خزمەتـی پاڵپشـتی و کەمتریـن تێچـوو بـۆ کۆمپانیـا نوێـکان دابیـن دەکات و هەروەهـا خزمەتـی تـۆڕ و خزمەتـی زۆری دیکەیـش پێشـکەش دەکات. لـە ڕاسـتی دا، ناوەندەکانـی ئەنکوباتـۆر شـوێن، خزمەتـی پاڵپشـتی، پێداویسـتی بـۆ کۆمپانیـا هەلـی کار دابیـن دەکـەن بـۆ ئـەوە یارمەتـی هەلـی کار و کۆمپانیـا بچووکـەکان بدرێـت هـاوکاری بکـەن پیشـە و کاری خۆیان سـاز بکەن و پـەرەی پێبـدەن. سـەرباری ئەمـە، ناوەندەکانـی ئەنکوباسـیۆن دەتوانـن کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان وەک کەمبوونـەوەی داهـات و بەرزبوونـی ڕێـژەی بێـکاری، سـەرەڕای هەبوونـی گەنجـان و چینـی خوێنـدکار چارەسـەر بکـەن، و هەروەهـا دەتوانـن بـە زیادکردنـی ئاسـتی لێهاتوویـی هێـزی کاری پارێـزگا، ئاسایشـی دەروونـی و جەسـتەیی دەرچووانـی زانکـۆ و کارمەنـدان باشـتر بکـەن. ئـەم کارە بـە پاڵپشـتیکردنی کۆمپانیـا داهێنـەرەکان بـۆ دامەزرانـدن و دۆزینـەوەی کار لـە ژینگـەی ئارامـی ئـەم ناوەنـدە دا ڕوو ئـەدات.

## بەستێنەکانی چالاکی ناوەندی ئەنکوباسیۆن/گەشەی زانکۆی کوردستان:

**دیزاین و جێبەجێکردنی نەرمەواڵە تەرخانکراو و پێوانەییەکان**
**تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن (IT & ICT)**
**ئەندازیاری**
**نانۆتەکنۆلۆژیا**
**زانست**
**زانستی کشتوکاڵ**

## چالاکیە بەهێزەکان و ئامانجەکان:

- **دروسـتکردنی هەلومەرجـی پێویسـت و گونجـاو بـۆ گەشـەی یەکـە بچـووک و مامناوەندیەکانـی زانسـت و تەکنۆلۆژیـای چـالاک لـەو بوارانـەی کـە لـە بەسـتێنەکان چالاکـی ناوەنـد دا ئامـاژەی پـێ کـرا.**
- **پێشکەشکردنی ڕێککار و ڕێکخستنگەلێک بۆ بە بازرگانیکردنی دەسکەوتەکانی توێژینەوە.**
- **وەرگرتـن و هێڵانـەوەی کەسـانی لێهاتـوو و بەتوانـای زانسـتی لـە پڕۆژەکانـی لێکۆڵینـەوە و بەرهەمهێنانـی تەکنۆلۆژیـای بـاڵا.**
- **ئافراندنی کار و پاڵپشتیی لە داهێنان و توانای داهێنانی توێژەرە لاوەکان.**
- **باشترکردنی ڕەوشی ئابووری ناوچە بەپێی چالاکیەکانی ئەم ناوەندە.**
- **هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ وەرگرتنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان لە بواری تەکنۆلۆژی.**
- **بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی بەرهەمەکان و پڕۆسەی تەکنۆلۆژیا بەرلە چوونە ناو بازاڕەوە.**



## ناوەندی زانست و ئەندازیاری ئاو

ناوەندی زانست و ئەندازیاری ئاوی زانکۆی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ بە ڕوانین بە دەوری گرنگی ئاو لە گەشەی پارێزگای کوردستان دامەزرا. ئەم ناوەندە لە ئێستا دا دوو بەشی توێژینەوەی هەیە: ئەندازیاری هایدرۆلیک و سەرچاوە ئاوییەکان.

### هەندێ لە ئامانجەکانی ئەم ناوەندە لە خوارەوە دیاری کراون:

**- ناساندن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی توێژینەوە لەڕووی گەشەکردنەوە،**
**- بەڕێوەبردنی گشتگیر و کەڵک وەرگرتنی بەردەوام لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی پارێزگا،**
**- هەڵسەنگاندنی توانای هایدرۆلیکی بەنداوەکان، تۆڕەکانی ئاودێری و ڕەواندن،**
**- پاکژکردنەوە ئاوی شار و گوندەکان،**
**- دابینکردنی ڕێکاری کارا بۆ تەرخانکردن و دەسپێوەگرتن بە ئاو و هەروەها کەمکردنەوەی بە فیرۆچوونی ئاو لە کەرتە جۆربەجۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئاوی ئاودێری، ئاوی خواردن، و پیشەسازی دروستکردنی کارەبا لە ئاو،**
**- کەڵکورگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ و ناوچەیی کردنی پێشەسازی ئاوی پارێزگا.**

## بەرپرسیارەتیەکان:

• نووسین و دروستکردنی ستراتژی نێونەتەوەییکردنی زانکۆ و پلانی چالاکی پەیوەندیدار. کارکردن لەگەڵ بەشەکان بۆ ئەوەی پەرە بدەن بە بەرنامە نێونەتەوەییەکانیان. ئەمە بریتی دەبێت لە گرێبەستە نێوتەوەیی، دەرفەتی سەرمایەگوازی، زانیاری سەبارەت بە گواستنەوەی خوێندکار، بەشداریکردن لە سەردانەکان و زۆربوونی زانیاری.
• مامەڵەکردن و دوان لەسەر هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە گرێبەستی هاوکاری ئەکادێمیکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی.
• لە بەرچاوگرتنی هەموو نامەناردنە فەرمیە دەرەکییەکان
• ئەنجامدانی هەموو کارە پەیوەندیدارکان، بە بەشداریکردنی ستافی زانستی لە کۆبوونەوە زانستیە نێونەتەوەییەکانی دەرەوەی وڵات.
• دابینکردنی خزمەتگەلی سەردانی دەرەوەی وڵاتی ستافی زانستی بە مەبەستی هاوکاری زانستی- ئەکادێمیکی و فێرکاری.
• بانگهێشتکردنی پسپۆرانی ئێرانی و بیانی یان کەسانی ئەکادێمیکی لە دەرەوەی وڵات بۆ هاوکاریە زانستیە ئەکادێمیکەکان. میوانداریکردنی نوێنەرانی زانکۆ نێونەتەوەییەکان و ئەندامانی دیکە زانکۆی کوردستان. ئەگەر فەرمانگەی ئێوە خەریکە پلان دادەنێت بۆ میوانداریکردنی سەردانێکی نێونەتەوەیی و حەز دەکەن ئێمەیش بەشدار بین، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.
• هەوڵدان بۆ دەرکردنی ڤیزە بۆ مێوانە بیانیە فەرمیەکانی زانکۆ.
• یارمەتیدان لە ڕێکخستنی کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکان و کۆکردنەوەی یارمەتی.
• پەرەپێدان بە هاوپەیمانە ستراتژیکەکان و بەرێوەبردنی هاوپشکی و هاوکاریە دامەزراوەییەکان.
• ئامادەکردنی نامیلکەی زانکۆ بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی، کوردی و عەرەبی. جگە لەمە، کۆکردنەوە و وەرگێرانی هەموو زانیاریە پێویستەکانی بازارگەری و ڕێکلامی خزمەتەکانی زانکۆ بۆ خوێندکاران و دامەزراوە خوازیارەکان لە ڕێگەی میدیا جۆربەجۆرەکانەوە.
• یارمەتیدان لە کاروباری هەموو خوێندکارە نێونەتەوەییەکان، کە بریتین لە:
• لێکدانەوە داوکاری خوێندکارە نێونەتەوەییەکان کە بە ئیمەیل یان ئامادەبوون پێشکەش کراون و دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بەڵگە و زانیاری تەواویان پێشکەش کردووە یان پێوەرە پێویستەکانیان هەیە یان نا،
• ناردنی داواکاری خوێندکاران بۆ نووسینگەی جێگری پەروەردە و بارهێنان و کاروباری خوێندکاری یان فەرمانگەی پەیوەندیدار بۆ پەسەندکردنی سەرەتایی خوێندکاران،
• ناردنی نامە بۆ نووسینگەی کاروباری خوێندکارانی دەرەوەی وڵاتی وەزارەتی زانست، لێکۆڵینەوە و تەکنۆلۆژیا بۆ دیاریکردنی بڕیاری کۆتایی و دەرکردنی ڤیزەی خوێندکاران و مۆڵەتی مانەوەی خوێندکاری،
• ناوتۆمارکردنی سەرەتایی خوێندکارانی دەرەوەی وڵات و دواتر ناردنیان بۆ یەکە پەیوەندیدارەکانی کارگێڕی بۆ تۆمارکردنی تەواو، نیشتەجێکردن، کارتی پێناسەی خوێندکاری و پێ دانی تێچووەکان،
• پرۆسەی بیمەی خوێندکارانی بیانی،
• پێدانی داتای ئاماری خوێندکارانی دەرەوەی وڵات بە فەرمانگە ناوەکییەکان و دامەزراوە دەرەکییەکان هەر کات کە بە پێویست بزانرێت.
• نوێکردنەوەی زانیاری ماڵپەڕی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی.
• نووسینی نامەی ناردن/وەڵامدانەوە بۆ خوێندکاران و ستافی زانستی بۆ وەزارەتی زانست، توێژینەوە و تەکنۆلۆژیا بۆ لێکدانەوەی بابەتەکانی ڤیزە و دراوی دەرەکی.
• دەرکردنی بڕوانامەی دامەزراندن و خوێندنی ئینگلیزی بەپێی خواست.

## نووسینگەی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی

نووسینگەی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ دامەزرا بۆ ئەوەی چالاکیە نێونەتەوەییەکانی زانکۆی کوردستان ڕێک بخات و جێبەجێی بکات. هزری نێونەتەوەییکردنی خوێندنی باڵا لەم قۆناغەی ئابووری زانستی جیهانیە دا دەورێکی گرنگی هەیە و لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە کار دەکاتە سەر کۆمەڵگا. هەر بۆیە، پێویستە شێوازی نوێی فێرکاری کە تەرکیز دەکاتە سەر داهێنان، بەکارهێنان، لێکدانەوە و تێکەڵکردن و هەروەها بەشداریکردنی هاوبەش لە ماوەی فێربوون، جێنشینی شێوازی کۆنی فێربوونی وانەوتنەوەی ڕاستەوخۆی مامۆستا و دووپاتکردنەوە بکرێت، کە ئەمە زۆر گرنگە. هەروەها چالاکیەکانی نووسینگەی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی بەرەو دەست خستن و مسۆگەرکردنی ئەم ئامانجانە دەچێت.



**ناونیشانی پۆستی: نووسینگەی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی**
**زانکۆی کوردستان،**
**بولواری پاسداران،**
**کۆدی پۆستی: ٤١٦،کۆماری ئیسلامی ئێران**
**تەلەفۆن/بروسکە: +98 87 33624020**
**ناونیشانی ئیمەیل:** international@uok.ac.ir

KA107 Erasmus+

IHEI

## گرێبەستە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان

زانکۆی کوردستان بۆ ئەوەی ستراتیژی نێونەتەوەیی خۆی پەرە پێ بدات گرێبەستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە لەگەڵ ئەم دامەزراوە پەروردەیی باڵایانەی کە لەم خشتەی خوارەوە دا ڕیز کراون.
بە کورتی، گرێبەستەکانی هاوکاری زانستی بەم شێوەی خوارەوە یە:

**گواستنەوەی خوێندکار و ستافی زانستی و ئاسایی،**
**پرۆژە توێژینەوەییە هاوبەشەکان، کۆڕ، وۆرکشۆپ و کۆنفراسە هاوبەشەکان،**
**گواستنەوەی دەق، داتا و بڵاوکراوەی زانستی،**
**هاوکاری لە بەرنامە جیاجیاکانی پلەی دکتۆرا**
**بەشداریکردن لە چالاکیە هاوبەشەکان بۆ دەسکەوتنی قازانجی دوولایەنە**


















پارێـزگای کوردسـتان لـە باکـووری ڕۆژاوای ئێـران هەڵکەوتـووە کـە ناوچەیەکـی جوگرافیایـی بەرینـی هەیـە (٢٨٫٢٠٣ کیلۆمەتـر) و نزیکـەی ٢٠٠ کیلۆمەتـر سـنووری هاوبەشـی لەگـەڵ کوردسـتانی عێـراق هەیـە. پارێـزگا نزیکەکانـی بریتیـن لـە ئازەربایجانـی ڕۆژاوا (باکـوور) و زەنجـان (باکـوور و ڕۆژهـەڵات) هەمـەدان (ڕۆژهـەڵات) کرماشـان (باشـوور). بەپێـی دواییـن دابەشـکردنی سـاڵی ٢٠٠٣، ئـەم پارێزگایـە ٩ شارسـتان، ٢٣ شـار، ٢٣ ناوچـە، و ٧٧ ناوچـەی لادێیـی و ١٧٦٧ گونـدی هەیـە. شـاری سـنە ناوەنـدی ئـەم پارێزگایـە کـە ٥١٢ کیلۆمەتـر لـە تارانـەوە دوورە. شـارە گەورەکانـی ئـەم پارێزگایـە بریتیـن لـە بانـە، بیجـار، دیوانـدەرە، سـەقز، قـوروە، کامیـاران، سـەوڵاوا و مەریـوان (نەخشـەکە ببینـە). بەپێـی دواییـن سـەرژمێریەکانی سـاڵی ٢٠٠٣، زانکـۆی کوردسـتانن ١،٥٧٤،١١٩ دانیشـتووی هەیـە کـە زۆرتریـن حەشـیمەتی دانیشـتوانی شـارەکانی بـەم شـێوەیەن، سـنە (٤١٩،٧٥٠) و سـەقز.



ئەم گۆلە ٥ کیلۆمەترە و لانیزۆر ١/٧ کیلۆمەتر پانتایی هەیە، دار و دارستانی ئەستوور دەوری ئەم گۆلەیان داوە و دەرفەتی باش بۆ ماسیگرتن و وەرزشە ئاوییەکان دەڕەخسێنێت.
سەرەڕای هەبوونی گۆل و ڕووباری زۆر، کوردستان سەرچاوەی ئاوی کانزایی زۆری هەیە. سەرنجڕاکێشترینەکانی ئەمانەن: گۆڤاز لە باکووری ڕۆژاوای کامیاران، ئابێ تەلخ (آب تلخ) لە نزیکی بیجاڕ و بابەگوڕگوڕ لە باکووری قوروە.
دارستانەکانی ئەم پارێزگایە ناوچەیەکی ٣٢٠ هێکتاری داپۆشن کە لە بەشەکانی باکووری بانەوەو دەست پێ دەکات و هەتا مەریوان و بەشەکانی ڕۆژاوای پارێزگای کوردستان پەرە دەستێنێت. دارستانەکان چەندین جۆری داریان تێدایە وەک بەڕوو، مازۆ، هەرمێ کێفیلە، وەن و بڵاڵووک. ئەم دارستانگەلە پەناگەیەکن بۆ ئاژەڵ و پەلەوەرە جۆربەجۆرەکانی وەک پڵنگ، پەزەکێفی، کەمتیار، چەقەڵ، گورگ، ڕێوی، ڕاسوو، کەو، سۆنە، لەقلەق، تووتی، و هەڵۆ.
هەروەها پارێزگای کوردستان هەندێ ئەشکەوتی سروشتی هەیە وەک ئەشکەوتی کەرەفتوو، نزیک بە شاری دیواندەرە. ئەمە تەنها ئەشکەوتێکی سروشتی نیە بەڵکو شوێنێکی کەوناراییە کە مرۆڤەکان لە پێش‌مێژوو بەکاریان بردووە. ئەم ئەشکەوتە چوار نهومە و چەندین ژووری چوونەناو و دەلاقەیشی هەیە. لەسەر تاقی یەکێک لە هۆڵەکانی نهۆمی سێیەم، ناوی خودای یۆنانی هێرکوول هەڵکۆڵاوە و هەربۆیە وەک پەرەستگای هێرکوول دەناسێندرێت. لە نهۆمی چوارەمی ئەشکەوتەکە، خشت و شتی دەسکردی مێژوویی دۆزراوەتەوە کە شاهیدی دەدەن لەسەر مانەوەی مرۆڤ لەم ئەشکەوتە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانی هەتا سەردەمی ئیسلام، یەکێکی دیکە لە ئەشکەوتە بەناوبانگەکانی ناوچەکە، ئەشکەوتی شووڤیە کە درێژاییەکەی ٢٦٧ مەترە و لە نزیک شاری بانە هەڵکەوتووە.
جوگرافیای تایبەتی ئەم پارێزگایە، سروشتی جوان و کەش و هەوای جۆربەجۆر، ئەم ناوچەیەی کردوەتە خاڵێکی سەرنجڕاکێش و تایبەت بۆ گەشتیاران. بەپێی ستاندارده جیهانیەکان، گەشتیاران زۆر حەزیان لەو شوێنانەیە کە پلەی گەرمایان ٢٠ بۆ ٢٥ پلەی سلسیووسە؛ چونکە ڕێژەی نێوەندی گەرمای ڕۆژانە لە ناوەڕاستی مانگی مەی و ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەر لەم پارێزگایە لە نێوان ٢٢ بۆ ٢٨ پلەی سلیسیووسە، ئەم کاتە باشترین کاتی ساڵە بۆ سەردان و وەرگرتنی گەشتیاران.






# سروشت و کەش و هەوا

پارێزگای کوردستان ناوچەیەکی شاخاویە کە بەشێوەی مامناوەند بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٠٠٠ مەتر لە ئاستی زەریا، ئەمەیش وای کردووە کە ئەم پارێزگایە ببێتە بەرزترین پارێزگای وڵات. بەرزترین و نزمترین شوێنەکانی پارێزگا، شاهۆ و ناوچەی ئاڵووتن بە بەرزایی ٣٣٠٠ و ٩٠٠ مەتر، ئەمە جیاوازی نێوان بەرزترین و نزمترین شوێنی پارێزگا نیشان ئەدات کە دەبێتە ٢،٤٠٠ مەتر. ئەم جیاوازیە، بە نۆبەی خۆی، کەش و هەوای جیاجیا لە ناوچەکە دروست دەکات وەک بەهار و هاوینی خۆش و زستانی سارد. لوتکە بەرزەکانی دیکەی پارێزگا ئەمانەن ئاویەر، سوڵتان سراجەددین، عەواڵان (بەرەو باشووری شاری سنە) شانشین (لە ژاوەرۆ)، کوچکسار (بەرەو باشووری سنە)، چەرخەلان (بەرەوە باشووری ڕۆژاوای سنە).

زۆربوونی بەرزاییەکان و هەڵکەوتنیان لە ناوچەکە دا وای کردووە کە یەکەمین بارینەکان لە ڕۆژاوای ئێران لێرەوە دەست پێ بکات. بارینەکان بە چەشنێکن کە لە بەرزاییەکان دا بەفر و لە بەشەکانی خوارەوە (داوێنی چیاکان) باران دەبارێت. ڕێژەی نێوەندی بارینی ساڵانەی پارێزگا ٥٠٠ میلی مەترە و مەریوان زۆرترین ڕێژەی بارینی ساڵانەی (٨٠٠ میلی مەتر) هەیە. سەرەڕای ئەمە، ئەم پارێزگایە چەندین ڕووبار، گۆل و بەفرەچاڵی سروشتی هەیە. ڕووبارەکانی ئەم پارێزگایە دەڕژێنە ناو دوو ئاوبەند: ئاوبەندی زەریای قەزوین و ئاوبەندی گۆلی ورمێ و هەروەها هەندێکیشی دەچێتە نێو خاکی عێراق. ڕووباری قزڵوەزەن و زێکانی قومچقای، ئاوێزاندرە، تراڤال و شوور دەڕژێنە ناو زەریای قەزوێن. زەرینەڕوود، ڕووباری خورخورە و سیمینەڕوود و زێکانی ئەوانیش تێکەل بە ئاوبەندی گۆلی ورمێ دەبن. ڕووباری سیروان درێژترین ڕووباری پارێزگای کوردستانە کە گەورەترین سەرچاوەی ئاوی و سەرچاوەی چەندین زێی دیکەی پارێزگاکەیە. ئەم ڕووبارە بە دۆڵ و شیوە قووڵەکان دا تێپەڕ دەبێت و شەپۆلە مەزنەکانی ئەم ڕووبارە شتێکی باشە بۆ کانوو و بەلەم سواری. ئەم ڕووبارە لە کۆتایی دا تێکەڵ بە ڕووباری تگریس لە عیراق دەبێت. پارێزگای کوردستان گۆلێکی سروشتی (گۆلی زرێوار لە مەریوان)، و چەندین گۆلی دەسکردی هەیە وەک قشڵاق (١٥ کیلۆمەتری باکووری بەنداوی قشڵاق)، گاوشان (٤٥ کیلۆمەتری باشووری سنە لە نزیک بەنداوی گاوشان)، و بۆکان (باکووری شاری سەقز). گۆلی زرێوار دیمەنگەلێکی هەرەجوان و سەرنجڕاکێش دەخولقێنێت و لە داوێنی شاخە بەرزەکان دا هەڵکەوتووە. ئاوەکەی زۆر سارد و خۆشە. ڕێژەی نێوەندی قووڵایی ئەم گۆلە دەگاتە ٣ متر بەڵام زۆرترین قوڵاییەکەیشی دەگاتە ٥٠ مەتر. درێژایی







وەک قەرنەتە (ئامێرێکی مووزیکی دووزەلە) و تەمبوور (ئامێرێکی تەلداری ڕشتەیی). بەرهەمە چێوییەکانی دیکەی کوردستان بریتین لە پیپ (دەمەوانە)، نێرگەلە، یەغانی چێوین، و سندووقی ئارایشت.

بەرهەمە دەسکردەکانی دیکە کە لەم پارێزگایە دا بەرهەم دەهێنرێنن بریتین لە بەرهەمە بەردینەکان، سەوەتەچنین، خشڵ و شتومەکی ڕازاندنەوە و بەرهەمە چەرمیەکان.

ئەم پارێزگایە شانازی دەکات بە هەبوونی چەندین جۆری شیرینی ناوچەیی وەک کونجی گزەنبین، بادام سووختە، باسلۆق و نان‌برنجی. لە نێوان ئەم شیرینیانە دا کونجێد/کونجی بە شێوەیەکی تایبەت لە ناوەندی پارێزگا، واتە سنە ساز دەکرێت و گەشتیاران زۆر حەزیان لەم بەرهەمە یە.









## پیشەسازی

زۆربەی خەڵکی پارێزگای کوردستان سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین. کەش و هەوای سروشتیی ناوچەکە و هەروەها خاکی پڕپیتی، ئەم پارێزگایە کردوەتە شوێنی زۆر گونجاو بۆ پیشەسازی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. گەنم، جۆ، دانەوێڵە و میوە بەرهەمە سەرەکیەکانی کشتوکاڵیی ئەم ناوچەیەن. پیشەسازی کیمیا، ئاسن، پارچە، چەرم و خۆراک پیشەسازیە سەرەکیەکانی دیکەی ئەم پارێزگایەن.



## پیشە دەسکردەکان

پیشە دەسکردەکانی پارێزگای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری خەڵک و بەپێی خواستی خەڵک گەشەی کردووە. فەرشچنین و کاری چێوین لە پارێزگا سەرنجی خەڵکانی جیهانی ڕاکێشاوە و هەروەها ناوبانگیشی دەرکردووە. فەرش و مافووری کوردی بەهۆی دیزاینی تایبەتی کوردایەتی، ڕەنگی سروشتی و بەن و پۆی جۆربەجۆر بەناوبانگە. شارەکانی بیجاڕ و سنە بە فەرشی کوالیتی-باش



ناسێندراون. جۆڵای پسپۆڕ بە شێوازی چنینی کۆن کە بە جۆڵایی ناسراوە جلوبەرگی پیاوانە دروست دەکات، بەرهەمە چنراوەکانی تر وەک مەوج (کە بۆ داپۆشینی دۆشەک، سەرین و پەتۆ بەکار دەهێنرێ) و جانەماز (جۆرێک بەرماڵ). یەکێکی دیکە لە نموونەی بەرهەمە دەسچنەکان کڵاشە، جۆرێک پێڵاو کە لە ناوچە کوردیەکان بەرهەم دەهێنرێت و بەهۆی نەرمبوونیەوە ئەو پێڵاوە بۆ ناوچە شاخاوییەکان زۆر باشە. سووکبوونی کڵاش بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت ئەمڕۆیش لە وەرزە وشکەکان دا بژاردەیەکی زۆر باش بێت بۆ لەپێکردن.

پارێزگای کوردستان بە دیزاینی ئاڵۆزی تەختەشەترەنج و تەختەی تاولە ناسێندراوە و بە هۆی هەبوونی داری کوالیتی باش لە ناوچەکە، ئامێرەکانی مووزیکی دەسکرد ناوبانگی دەرکردووە. هەروەها ئەم پارێزگایە بەهرە و توانای مووسیقای زۆری هەیە کە ناوبانگی ناوچەکەی زیادتر کردووە. ئامێرە مووسیقاییەکان

## فستیڤاڵ و بۆنە تایبەتەکان

یەکێک لە مەراسیمە گشتیە زۆر بەناوبانگەکانی خەڵک کورد، نەورۆزە (دەسپێکردنی ساڵی نوێ). خەڵکی کورد بە ئاگرکردنەوە و هەڵپەڕین بە دەور ئاگرەکە دا نەورۆز جێژن دەگرن. جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان دوو بۆنەی ئایینی بەرچاون کە خەڵکی کورد زۆر ڕێزی لێدەگرن، هەروەها جێژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر موحەممەد (دروودی خوای لێ بێت)/مەولوودی لە سێهەم مانگی ڕۆژژمێری ئیسلامی دا.

فستیڤاڵیکی گرنگی تر، فستیڤاڵی پیرشالیارە (مەراسیمێکی ڕەسەنی کۆن) کە لە گوندی هەورامانی تەخت بەڕێوە دەچێت. بەپێی تۆمارە مێژوویی و کەوناراییەکان، مرۆڤ لە سەردەمی پێش‌مێژوو لە ناوچەی هەورامان نیشتەجێ بوونە. ئەم فستیڤاڵە بەناوبانگە دوو جار لە ساڵ دا بەڕێوە دەچێت. لە هەردوو ڕۆژی ٤٥ـەمی بەهار و ٤٥ـەمی زستان لە گوندی پیرشالیار بەڕێوە دەچێت. ئەم مەراسیمە ساڵیادی ئاهەنگی هاوسەرگیری پیری ئەفسانەییە ( کەسێکی بەساڵاچووی بەڕێز)، کە ناوی شەهریار بووە (یان شالیار لە زاراوە کوردیەکان دا) لەگەڵ شازادەیەک دا، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکانی ناوچەکە. مەراسیمی پیر شالیار بەوە دەست پێدەکات کە منداڵان گوێزەکانی باخی پیر شالیار بە ناو خەڵکی گوندی هەورامانی تەخت و گوندەکانی دیکەی دەوروبەر دا بڵاو دەکەنەوە. ئەمە وەک داوەتێکە لە خەڵکی ئەو گوندانە کە بەشداری لەم مەراسیمەدا بکەن. ئاساییە کە مانگا، مەر و بزن قوربانی بکرێت. هەندێک خواردنی تایبەت وەک نانێک کە پێی دەوترێت کولێرە مەجگە (هەویر، گوێز، بادام و پیاز) دروست دەکرێت و لە نێوان بەشداربووان دا بڵاو دەکرێتەوە. دەف لێدەدرێت و  دەروێشەکانیش لە کاتێک کە دوعای تایبەت دەخوێنن زیکر دەکەن. ژمارەی ئامادەبووانی ئەم مەراسیمە دەگاتە هەزاران کەس و هەر بۆیە زۆر قەرەباڵغە. فستیڤاڵەکە لەم ساڵانەی دوایی دا سەرنجی خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیشی ڕاکێشاوە.







# کولتور و زمانی کوردی

یەکێک لە شتە سەرنجڕاکێشترینەکانی پارێزگا تایبەتمەندیە فەرهەنگیەکانیە. وەک زمان، مووزیکی ناوچە، جلوبەرگی نەتەوەیی، هەڵپەڕکێی نەتەوەیی، فستیڤاڵ، میهرەجان، و بەرهەمە دەسکردەکان. زمانی یەکەمی خەڵکی ئەم پارێزگایە کوردیە و خەڵک بەم زمانە قسە دەکەن. زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی ڕۆژاوای ئێران کە گرێدراوە بە فارسی و پەشتۆ و هەروەها فارسیش یەکێکە لە لقەکانی زمانە هیند و ئەورووپیەکان. کوردیش وەک زمانێک ڕێسای ڕێزمانی و ڕێنووسیی تایبەت بە خۆی هەیە. بەهۆی پەرتەوازەیی زۆری حەشیمەتی کوردان و بەربڵاوی و پانتایی کوردستانەوە ("خاکی کوردان")، ئەم زمانە ٢ زاراوە و چەندین بنزاراوەی هەیە. هەبوونی زاراوەی جیاجیا ئەم زمانەی لە ڕووی وشەوە زۆر دەوڵەمەند کردووە؛ و هەروەها ئاوازی خۆشی وشەکانی ئەم زمانە بەشێوەیەکی بەرچاو کارە ئەدەبی و مووسیقاییەکانی زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندتر کردووە.
سەمای کوردی یان هەڵپەڕکێ ئاوێنەی مێژووی کۆنی خەڵکی کوردە و بە ڕوانینی نزیکتر بە هەڵپەڕکێی کوردی، تێدەگەین کە ئەم هونەرە ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی ڕۆژانە و کاری خەڵکە. مێژوو و پێشینەی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە ئایینیەکانی خەڵک، فستیڤاڵە نەتەوەیی و میهرەجان، یارییە ناوچەییەکان لە شەڕ و بەرگری دا، و هەروەها هەستی ناخ و باری دەروونی خەڵکی کورد. هەڵپەڕکێ لە سەرانسەری کوردستان دا جۆری جیاجیای هەیە، بەڵام سنە و مەریوان دوو شارن کە لەم بوارەوە بەناوبانگ و دەوڵەمەندن و هەڵپەڕکێی جۆربەجۆریان هەیە کە ناوەکانیان بەم شێوەی خوارەوەن: گەڕیان، پشتپا، فەتاح پاشایی، چەپی، زەنگی، شەلان، سێجار، و خانەمیری. هێشتا ئامێرە مووسیقاییە کۆنەکان بۆ هەڵپەڕکێ بەکار دەهێنرێن، بەڵام ئامێرە ئەلەکتریکیە نوێیەکان زۆرتر کەڵکی لێوەردەگیردرێت.
کوردستان بە هەبوونی یەکێک لە جوانترین جلوبەرگەکانی جیهان شانازی دەکات. هەروەک زۆربەی گەشتیارەکان لە کتێبەکانیان دا نووسیویانە، جلوبەرگی کوردی لە جوانی و ڕەنگەکانی دا زۆر بێوێنە و تایبەتن. بەهۆی تایبەمەندیە ئەرێنی و جوانەکانیەوە لە چەندین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی دا پلەی یەکەمی بە دەست هێناوە. لە زۆربەی بەشەکانی پارێزگا هێشتا خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیان دا بەشێوەیەکی بەرچاو جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و ئەم جلوبەرگە بایەخێکی زۆری لە زەماوەند و بۆنە ئایینیەکان دا پێدەدرێت.



## سنە:
# فەرهەنگ و مێژوو

ئەوەی کە لە تۆمارە کۆنەکان دا دەرکەوتووە، حاکمی ئەو کات شا سلێمان خانی ئەردەڵان، لە ساڵی ١٤٠٦ی کۆچی، شوێنی حکومەتەکەی لە قەڵای حەسەناو و پاڵنگانەوە گواستوەتەوە بۆ باشووری شاری سنەی ئێستا. بەر لەمە، سنە شارێکی بچووک بووە کە پێدەچێت بە هۆی بوومەلەرزە یان هێرشی مەنگۆلەکانەوە خاپوور کرابێت. ئەمە ڕوونە کە گردی مێژوویی تووس‌نەوزەر کە بەدرێژایی ڕووبارەکەدا هەڵکەوتووە و قەڵای حەسەناوا گرنگیەکی زۆریان لە ڕووی کەونارابییەوە هەیە. هەروەها چەندین گۆڕ لە سنە دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ زۆرتر لە هەزار ساڵ لەمەوپێش.
سولەیمان خانی ئەردەڵانی دوای گواستنەوەی دەسەڵاتەکەی بۆ سنە، قەڵایەکی بە سەر گردێکەوە دروست کرد بۆ ئەوەی حکوومەتێک بە ئەوپەڕی هێز و تواناوە دروست بکات. پەیکەر، حەمام، مزگەوت و بازاڕەکانیش لە دەرەوەی بینای قەڵاکە لە سەردەمی سەفەوی و قاجاڕ دا دروست کران و پاشماوەکانی ئەم بینایانە لە ئێستایش دا هەر ماون.
سنە پێگەیەکی تایبەتی لە ڕووی فەرهەنگی، هونەری و ئایینیەوە هەیە لە ناوچە پڕحەشیمەتەکانی کوردستان. چەندین هونەرمەندی ناوداری لە بەستێنە جۆربەجۆرەکانی فەرهەنگ و هونەر هەیە وەک مووزیک، شانۆ، هونەرە نمایشییەکان. ئەم شارە بە ئایین و مەراسیمە عیرفانیەکانەوە ناسراوە کە هەر هەفتە لە تەکیە و خانەقاکان (بەپێی خواست و داوای دەروێشەکان) بەڕێوە دەچێت. عیرفان سەرچاوە لە دابونەریتی کۆنی پارێزگا دەگرێت و لە سەدەی سێهەمەوە خەڵکی کورد کەوتنەتە شوێن ئەم نەریتە. سنە شانازی دەکات بە هەبوونی ٦٠ خانەقا، کە شوێن و پەناگەی کۆبوونەوەی دەروێشەکان و موریدان/ شوێنکەوتووانە.





دوو تەریقەتی سەرەکی لە پارێزگای کوردستان دا هەن:


**تەریقەی قادریە:** شوێنکەوتووانی ئەم شاخەیە موریدانی شێخ عەبدولقادری گەیلانین. ئەوان هەوڵ ئەدەن ڕاستیەکان لە ڕێگەی مەراسیمە ئایینیەکانەوە دەربخەن کە لەوێدا بە دەنگی دەف سەما/زیکر دەکەن هەتا ئەو کاتەی کە تەواو دەچنە ناخی عیرفانی ئایینی مەراسیمەکەوە.
**تەریقەی نەقشبەندی:** شوێنکەوتووانی ئەم شاخەیە، موریدانی مەولانا بەهائەدین محەممەدی بوخاراپین. ئەوان هەوڵ ئەدەن ڕاستیەکان لە ڕێگەی بێدەنگی و بیرکردنەوەی قووڵەوە بەدەست بێنن.
سنە شاری مزگەوتەکانە و زیاتر لە ١٤١ مزگەوتی هەیە و هەر بۆیە زۆرترین مزگەوتی لەچاو حەشیمەتی شارەکە لە نێو جیهانی ئیسلام دا هەیە. هەروەها شارێکە کە زۆرترین ئەنیستیتۆی فێرکاری و پەروەردەی باڵای هەیە (٤٧ ئەنیستیتۆی پەروەردەی باڵا لە پارێزگای کوردستان بریتین لە زانکۆی سنە کە نەک سەرەکیترین زانکۆی حکوومیە، بەڵکو بەرپرسیارەتی ئەنیستیتۆە فەرهەنگیەکانی دیکەی شاری سنەی هەیە و ئەم پارێزگایە ٢٠٫٠٠٠ خوێندکاری هەیە (کۆی گشتی خوێندکارانی ئەم پارێزگایە کەمتر لە ٦٠٫٠٠٠ کەسە).

## شاری سنه

شاری سنه ناوەندی پارێزگای کوردستانە و لە ٥١٢ کیلۆمەتری ڕۆژاوای تاران دا یە. لە ڕووی جوگرافییەوە لە ناوەندی پارێزگاکە دا هەڵکەوتووە، هەر بۆیە جگە لە شارەکانی بانە و سەقز، سنووری لەگەڵ شارەکانی دیکەی پارێزگا دا هەیە. بەپێی دوایین سەرژمێریەکان لەساڵی ٢٠٠٥، شاری سنە ٤١٩،٧٥٠ کەس حەشیمەتی هەیە و هەربۆیە ئەم شارە زۆرترین حەشیمەتی پارێزگای کوردستانی هەیە. بەهۆی دیمەنە جوانەکان و تۆپۆگرافیەوە بە یەکێک لە جوانترین شارەکانی ئێران دادەنرێت. شاخ و گردەکان دەوری ئەم شارەیان داوە و شارەکە کەشێکی کوێستانی هەیە بە چەشنێک کە هاوینی تا ڕادەیەک فێنک و زستانێکی ساردی هەیە. هەندێک لەم گردانە، وەک تەپەی (گردی) تووس‌نەوزەر، تەپەی ڕووسی، تەپەی شەرەفەلمولک لە ڕووی ئایینی و مێژووییەوە گرنگییان هەیە. دوو کێوی ناسراو و بەناوبانگی ئەم شارە ئاویەر و کوچکەرەشن (بەردی ڕەش) کە لە کۆتایی شار دا هەڵکەوتوون.
ناوی سەنەندەج، ناوێکی بە عەرەبیکراوە لە تێکەڵبوونی وشە "سنە دژ" و خەڵکی کوردی ناوچەکە پێی دەڵێن "سنە". هەروەها وشەی "سنە" پێناسەی زۆری هەیە، لە ئەڤێستا دا (کۆکراوەیەک لە یەکەم دەقە ئایینیەکانی زەردەشتیەکان) بە "باز" یان "هەڵۆ" پێناسە کراوە و وشەی "دژ" واتای قەڵا ئەدات.



## مۆزەخانەی سنە



ئـەم مۆزەخانەیـە لـە شـەقامی ئیمـام خومەینـی، کۆڵانـی حەبیبـی دا هەڵکەوتـووە. بەشـی دەرەوەی مۆزەخانەکـە کۆشـکی مـەلا لوتفوڵـڵای شێخولئیسـلامە. لـەم مۆزەخانەیـە دا، کەرەسـتە و شـتگەلی کەونارایـی کـە لـە پارێـزگای کوردسـتان و بەشـەکانی دیکـەی ئێـران دەرهێنـراون نمایـش دەکرێـت. کاری ئۆرووسـی (شیشـە ڕەنگیـەکان)ی ئـەم مۆزەخانەیـە یەکێکـە لـە باشـترین کارەکانـی سـنە و هونەرمەنـدە سـنەییەکان ئـەم شـتانەیان دروسـت کـردووە. ئـەم مۆزەخانەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی قاجـارەکان.

## ماڵی کوردان (کۆشکی ئاسف)



ماڵـی کـوردان یەکێـک لـە گەورەتریـن مۆزەخانـە مرۆڤناسـی و نەتەوەییەکانـی ئێرانـە، کـە لـە کۆشـکی ئاسـف دا یـە، ئـەم بینایـە هـی بنەماڵەیەکـی بەگـزادە یـە. لـە شـەقامی ئیمـام خومەینـی شـاری سـنە دا هەڵکەوتـووە. کۆشـکەکە سـەرەتا لـە سـەردەمی سـەفەوییەکان دا بنیـات نـراوە و دواتـر لـە سـەردەمی قاجـار و دواتـر پەهلەوییەکانیـش دا تـەواو کـراوە. ئـەم بینایـە لەبـەر هەبوونـی خشـتکاری، گەچـکاری و شیشـەی ڕەنگاوڕەنگـی پەنجـەرەکان کـە پێـی دەوترێـت ئۆرووسـی، لـە ڕووی تەلارسـازیەوە گرنگیەکـی زۆری هەیـە. حەمامـی تایبەتـی ئـەم کۆشـکە وەک یەکێـک لـە سەرنجڕاکێشـترین حەمامـەکان لـە ئاسـت حەمامەکانـی دیکـەی شـاری سـنە دا دەناسـرێت.

## بازاڕی سنە



ئـەم بـازاڕە بـە درێژایـی شـەقامی ئینقـلاب لـە هـەردوو لاوە پـەرەی سـەندووە. لـە سـاڵی ١٠٤٦ـی کۆچـی بنیـات نـراوە. ئـەو کاتـەی کـە دەسـەڵاتداری ئـەردەڵان سـنەی کـردە پاتەختـی حکوومەتەکـەی. ئـەم بازاڕە بـە شـێوەی لاکێشـەیەکی مـەزن دیزایـن کـرا کـە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداری پەهڵـەوی دا کرایـە دوو بەشـەوە؛ بەشـی باکـووری و بەشـی باشـووری کـە پێـی دەوترێـت بـازاڕی سـنە و بـازاڕ ئاسـف. دوای نزیـک بـە ٤ سـەدە، هێشـتا ئـەم بـازاڕە لـە ڕووی ئابووریـەوە، ناوەندێکـی پڕبایەخـی بازرگانـی دێتـە هەژمـار.

## شوێنە گەشتیاریەکان



### مزگەوتی جامیع

ئەم مزگەوتە لە شەقامی ئیمام خومەینی دا هەڵکەوتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی قاجارەکان و لە لایەن ئەمانوڵڵا خان دوایین دەسەڵاتداری پارێزگاکە لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی دروست کراوە. ئەم مزگەوتە دوو داڵان و حەوشەیەکی ناوەندی هەیە کە ١٢ ژوور لە دەوری دا یە، ئەم ژوورانە بە تایبەتی بۆ خوێندکارانی ئایینناسی دروست کراون. داڵانی سەرەکی ٢٤ ستوونی سەرنجڕاکێشی هەیە کە لە سەریانەوە بە دەستوخەتی قورئانی نووسراوە. ئایەتەکانی قورئان زۆر جوان و پسپۆڕانە لەسەر دیواری داڵانەکە هەڵکۆڵراون. کاشیە ڕەنگاوڕەنگە (کاشیە ٧ ڕەنگەکان) بۆ ڕازاندنەوەی دیواری مزگەوتەکە بەکار براوە و بنکاریتەکانیش لە بەردی مەڕمەڕ دروست کراون.

### ناوەندی ڕابواردنی ئاویەر

هەر وەک بە ناوەکەی دا دیارە، ئەم ناوەندە دیمەنێکی بەرفراوان لە شار پێشکەش دەکات و چەندین ڕێستوورانت و کافیشاپیشی هەیە کە لە داوێنی چیای ئاویەر دا هەڵکەوتووە. ئەم شوێنەی داوێنی چیا، کانیاوی سروشتی و باخی دیزاینکراو و هەروها شوێنی دانیشتنی تایبەتی هەیە کە بۆ بنەماڵەکان زۆر گونجاون. یەکێک لە باخە گەورەکانی ئەم ناوە، بە باخی ئەمیرییە دەناسرێت کە گەورەترین شاشەی سینەمایی سەرئاوەڵای لە ئێران هەیە کە لە مانگەکانی بەهار و هاوین دا فیلم پەخش دەکاتەوە.



### مەزاری هاجەرە خاتوون

بەپێی تۆمارە ئایینیەکان، ئەم ئیمامزادە بەڕێزە، خۆشکی ئیمام ڕەزا یە، کە لەڕێگەی خوراسان دا گیانی لە دەست داوە و لەم شوێنە دا نێژراوە.
لە نزیک مەزارەکەی هاجەرە خاتوون، مزگەوتێک و چەندین گۆڕی ڕێبەرانی گەورە و چەند شێخێکیش هەن. ئەم مەزارگەیە لە کۆڵانێکی کۆن دا یە کە پێی دەوترێت سەرتەپۆڵە و لە شەقامی سەلاحەددینی ئەیووبی دا هەڵکەوتووە.

### مەزراگەی پیر عومەر

ئەم مەزارگەیە لە باشووری شەقامی ئیمام خومەینی دا هەڵکەوتووە. لە ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی بنیات نراوە. خەڵک لەو باوەڕە دان کە پیر عومەر کوڕی حەزرەتی عەلییە. ئەم بینایە بە خشت جوان ڕازێندراوەتەوە و گەچکاری، و شیشەی ڕەنگاوڕەنگیشی تێدا بەکار براوە.

### مەزاری پیر محەممەد

ئەم مەزارە لە نزیک گۆڕەپانی نەبووەت دا یە. لەسەر تەپۆڵکەیەک هەڵکەوتووە کە گۆڕستانی کۆنی سنە بووە. ئەم مەزارگەیە شوێنی بەخاکسپێردرانی محەممەدی کوڕی یەحیایە کە پێی دەوترێت پیر محەممەد.

### بەنداوی قشڵاق

بەنداوی قشڵاق لە ٢٠ کیلۆمەتری باشووری سنە لە سەر ڕێگای سنە-سەقز دا یە. بەنداوەکە لەسەر ڕووباری قشڵاق دروست کراوە. ١١ کیلۆمەتر درێژایی هەیە و ناوچەیەکی ٩٣٤ هیکتاری دادەپۆشێت و لەخۆ دەگرێت. ئەم گۆلە شوێنێکی گەشتیاری باشە بۆ وەرزشە ئاویەکان و هەروەها جوانیەکی زیاتری بەخشیوە بە سروشتی ناوچەکە.

### قورئانی نگڵ

ئەم قورئانە بەناوبانگە لە گوندی نگڵ دانراوە کە لە ٦٥ کیلۆمەتری ڕۆژاوای سنە هەڵکەوتووە و لە ڕێگای سنە- مەریوان دا یە. ئەم کتێبە پیرۆزە دەستنووسە و پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێیەمین خەلیفەی ئیسلام و ئەمە یەکێکە لەو قورئانانەی نێردراوە بۆ بەشە جیاجیاکانی جیهان بۆ ئەوەی پەیامی ئیسلامی ڕابگەیەنرێت. بە خەتێکی گەورە لەسەر چەرم و پەڕەی دروستکراو لە پێستی ئەستووری ئاسک نووسراوە. ئەم قورئانە بە ڕێنووس و ستایلی کووفی نووسراوە و لەڕووی ڕێزمانیشەوە نیشاندار کراوە. لە هەندێ لە بەشەکانی قورئانەکە دا، ژمارەی ئایەتەکان بە تەڵا نەخشێندراوە و بە دیزاینی گیا و ڕووەک ڕازێندراوەتەوە.

## کۆشکی خەسرەواوا



ئەم کۆشکە لە بولواری خەسرەواوا دا یە. بینایەکی تایبەتی سەردەمی دەسەڵاتی ئەردەڵانیەکان، بە تایبەت خەسرەو خانی ئەردەڵانە. ئەم کۆشکە بە باخەکەیەوە دوو بەشی سەرەکیی هەیە: کۆشکی شاهانە لە لای ڕۆژاوای بیناکە بە ڕێڕەوی پلیکانەییەوە و داڵانێکی پلیکانەیی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە کە دەکەوێتە سەر دیوی دەرەوەی کۆشکەکە. سەرباری ئەم دوو بەشە سەرەکیە، بیناکە چەندین حەمام و خانووی خزمەتکارانیشی هەیە. ئەم بینایە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە خشتکاری، ئۆرووسی و حەوزی بچووکی تێکەڵاو دیزاین کراوە.

## کۆشکی وەکیل



ئەم کۆشکە لە شەقامی کشاوەرز دا یە. سێ حەوش و چەندین خانووی لە ناو خۆی، حەمامێکی تایبەت لە ناوەوەی کۆشک و هەروەها حەمامێکی گشتیشی لە دەرەوەی بیناکە هەیە. بەشی سەرەکی کۆشکی وەکیل لە سەردەمی زەندیە و بەشەکانی دیکەیشی لە سەردەمی قاجار بنیات نراون. ئەم بینایە شانازی دەکات بە هەبوونی ڕازێنەرەوەگەلێک وەک خشتکاری و ئۆرووسی. بەشی ناوەندی کۆشکەکە، میچێکی کەپری سێگۆشە/لەچکیی هەیە.


## کۆشکی موشیر دیوان


ئەم کۆشکە لە سەردەمی قاجار لە لایەن میرزا یووسف موشیر دیوان بنیات نراوە و لە ئێستا دا لە شەقامی شوهەدا دا یە. سێ حەوشە و چەندین بینای لەناو خۆی و هەروەها چەندین حەمامی تایبەتی لە ناوەوە هەیە. هەر حەوشێک ئاووەشێنێکی هەیە. ئەم بینایە جوانترین داڵانی شاری سنە و میچی کەوانەیی هەیە.

## حەمامی خان

ئەم حەمامە لە لای باکووری بازاری کۆنی سنە، لە شەقامی ئینقلاب دا یە. ڕازاندنەوەی ناوەوەی حەمامەکە و هەروەها نەخش و نیگاری سەر دیوارەکانی بەڕاستی سەرنجڕاکێشن. ئەم بینایە لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی بە فەرمانی ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان دروست کرا. ئەمە گەورەترین حەمامی کۆنی شاری سنەیە.



دانشگاه کردستان
UNIVERSITY OF KURDISTAN











درعرض استخر شنا کنید
از شوخی کردن، دویدن وبشنک زدن جدا خودداری نمایید










مجتمع کلاس های دیاری گولان





ورودی شمالی
شماره (۱)
UNIVERSITY OF KURD


وزارت علوم، تحقیقات و فناوری
DISTAN
ورود





ناونیشانی پۆستی: نووسینگەی پەیوەندی نێونەتەوەیی و هاوکاری زانستی
زانکۆی کوردستان،
بولواری پاسداران،
کۆدی پۆستی: 416، کۆماری ئیسلامی ئێران
تەلەفۆن/بروسکە: 33624020 87 98+
ناونیشانی ئیمەیل: international@uok.ac.ir